# بنیادنان بە دەستپاکی

## ڕێسای هەڵسوکەوتی پیشەیی ئێمە

LafargeHolcim



جێبەجێکردنی بەرز لەگەڵ دەستپاکی کلیلی گەیشتن بە سەرکەوتنی بەردەوامە.

چالاکی بە دەستپاکییەوە دەبێتە هۆی پێکهاتنی متمانە، پاراستنی بڕواداریی، دابەزینی تێچوونەکانی چالاکی و زیاتربوونی بەهای خاوەن پشکەکان.

چالاکی لەگەڵ دەستپاکی واتە ئەوەی کە بەردەوام بە دروستی کار جێبەجێ بکەین و ئاکارمان راهاتوو بێت لەگەڵ "ڕێسای" ئێمە.

ئەرکی ئێمەیە کە بە دەستپاکییەوە کار بکەین و کارێک بکەین خەڵکانی تریش چاومان لێ بکەن.

# ناوەڕۆک


05 پەیامی بەڕێوەبەری جێبەجێکار

06 پێشەکی

09 1. دەستپاکی لە شوێنکاردا
10 1.1 تەندروستی و سەلامەت (H&S)
12 1.2 جۆراوجۆریی، دادپەروەریی و ڕێز
14 1.3 پاراستنی سەرمایەکانی کۆمپانیاکەمان
16 1.4 سیستەمەکانی زانیاریی، ئیمەیل و ڕاگەیاندنە کۆمەڵایەتیەکان

19 2. دەستپاکی لە چالاکییەکانی پەیوەندیدار بە پیشە
20 2.1 بەرەنگاریی لەگەڵ بەرتیل و گەندەڵی
22 2.2 دیاری و میوانداریێتی
24 2.3 کیبرکێی دادپەروەرانە
26 2.4 تۆمار و ڕاپۆرتدانی ڕاست و دروست
28 2.5 پێکدادانی بەرژەوەندیەکان
30 2.6 بازرگانی ناوخۆیی
32 2.7 ئەنجامدانی بازرگانی نێودەوڵەتی
33 2.8 خۆبەدورگرتن لە سپی کردنەوەی پارە

35 3. دەستپاکی لە کۆمەڵگە
36 3.1 ژینگە
37 3.2 مافی مرۆڤ
38 3.3 بەشداریی کۆمەڵگە ناوخۆییەکان

40 ڕاوێژکاریی، ڕێنوێنی و ڕاپۆرتدان

# ”ئێمە بنەماکانی گەشەی کۆمەڵگا پێکدێنین، شانازی ئێمە ئەوەیە کە بتوانین ئەم کارە بە شێوازی جۆراوجۆر جێبەجێ بکەین.“



# پەیامی بەڕێوەبەری جێبەجێکار

هاوکارانی بەڕێز،

ئێمە (LafargeHolcim)مان بە جیهان ناساندووە - کۆمپانیای نوێ و بەهێزی کەرستەی بیناکردنەوە لەگەڵ بازنەی چالاکی بێ وێنە. ئێمە بەرهەم و خزمەتگوزاری جۆراوجۆر پێشکەش دەکەین بۆ مسۆگەرکردنی پێویستییەکانی جیهانێک کە ڕۆژ بە ڕۆژ ئاڵۆزتر و شارستانی تر دەبێت، ئێمە دەرفەتێکی بێ وێنەمان بۆ پێکهێنانی شتێکی نوێ و پێشەنگ بوون لە هەموو لایەنەکانی پیشەسازی خۆماندا هەیە. لەگەڵ ئەوەش، ئەم دەرفەتە بەرپرسیارێتی زیاتر دەخاتە ئەستۆمان.

چالاکی ئێمە بە پتر لە 115,000 کارمەندی چالاک لە 90 وڵات و میلیۆنەها کڕیار، کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر خاوەن پشکەکان، کۆمەڵگا و شێوازی چالاکی لە پیشەسازی ئێمەدا هەیە.

چالاکی بە دەستپاکییەوە و زیندووکردنەوەی ئاکارگەلێکی دروست زۆر گرنگە بۆ ڕۆڵگێڕانمان وەکو کۆمپانیایەکی چاک لە کۆمەڵگە ناوخۆییەکان کە تێیایاندا کار دەکەین و هەروەها پاڵپشتی لە ڕەوتی پەرەپێدانی ئەوان دەکەین.

کەواتە، دەستپاکی یەکێک لە بەها سەرەکیەکانە کە ئێمە وەکو یەکێک لە بنەماکانی بنیاتنان لە ڕۆشنبیری دامەزراوەیی نوێ دەستنیشانمان کردووە و پێناسەمان دەکات کە ئێمە کێین، چی دەکەین و چ ئاکارێکمان هەیە. ئێمە وەکو دامەزراوەیەک لەو بڕوایەداین کە دەستپاکی بوارخۆشکەری سەرکەوتنی دامەزراوەییە. ئەم "ڕێسایە" پیشاندەری چەمکی دروستکاریی لە چالاکیەکانی ئێمەدایە. دروستکاریی بریتییە لە دیستپاکی، دادپەروەریی و ڕوونی. دەستپاکی بە واتای ڕێزگرتن لە یەکترە. دەستپاکی واتە ئەوەی کە ڕێز بگرین لە کۆمەڵگا و ژینگەیەک کە تێیدا کار دەکەین و کەسانێ کە لە بەر کاریگەریی چالاکیەکانی ئێمەدان.

ئێمە بنەماکانی گەشەی کۆمەڵگا پێکدەهێنین. شانازی ئێمە ئەوەیە کە بتوانین ئەم کارە بە شێوازی جۆراوجۆر جێبەجێ بکەین. من ئەم "ڕێسایە" لەبەرچاو دەگرم و چاوەڕوانی ئەوەشم لە ئێوە هەیە کە وەها بکەن.

لەگەڵ ڕێزدا،



**ئێریک ئۆلسێن**
**بەڕێوەبەری جێبەجێکاری دەستە**

# پێشەکی

”ڕێسای“ ئێمە هەندێ ڕێنوێنی و نموونەگەلێک لە بواری بەرەنگاریی لەگەڵ کێشەکان و ئەو باروودۆخانەی کە لە چالاکییەکانی ڕۆژانەی خۆتاندا بەرەوڕوویان دەبنەوە، پێشکەش دەکات. ئەم ئەم ڕێسایە ئاماژەیە بۆ سیاسەتەکانی LafargeHolcim و یاساکان و ڕێساکانی پەیوەندیدار لەبەر ئەوەی کە ئەمانە بوارێک بۆ زۆرێک لە بابەتەکانی ڕێسای ڕەفتاری پیشەیی ئێمە دابین دەکەن.

LafargeHolcim بەردەوام پەرەپێدانی سیاسەتەکانی نوێی بەشدارانە بۆ پێشکەشکردنی ڕێنوێنی زیاتر درێژە دەدات. بۆ ئاگاداریی لەسەر دوایین گۆڕانکارییەکان بەردەوام سەردانی ئینترانێتی خۆجێیی و هەروەها دیمەنی جیهانی سیاسەتی LafargeHolcim بکەن.

### کاکردن بە دەستپاکی

LafargeHolcim هەوڵ دەدات بوارخۆشکەری بەرەوپێشچوونی بەهاکانی ڕاستوێژی و بەرپرسیارێتی بێت و لەبەرچاوگرتنی یاساکان تێیدا لە ناوەندی سەرنجداندا بێت. کەڵکوەرگرتن لە هەستی دروست و هەڵسەنگاندنی چاک لە پەنای ”ڕێسا“ی ئێمە و سیاسەتەکان و ڕێنوێنیەکانی LafargeHolcim بۆ گەرەنتی دەستپاکی پەیوەندیدار بە پیشە. لە ”ڕێسای“ ئێمەدا هەموو ئەو دۆخانەی کە ڕەنگە لە شوێنکاردا لەگەڵیان ڕووبەڕوو ببین پێشبینی نەکراوە بەڵام یارمەتی ئێمە دەدات کە بڕیارگەلێکی دروست و ئەخلاقی بدەین. هیواداریین کە کارگێڕانی ئێمە بوێری بڕیاردانیان بەپێی بنەما ئەخلاقیەکان و پێ‌بەندبوون بێت بە بڕیارەکانی خۆیانەوە، تەنانەت کاتێ کە لە ژێر گوشاریشدا بنز.

### هەموو کەس، هەموو شوێنێ

هەموو کارمەندان، بەڕێوەبەران و فەرمانبەران (”کارگێڕەکان“) لە هەموو کۆمثانیا موڵکیەکان بەتەواوی سەر بە LafargeHolcim و هەموو کۆمپانیا هاوبەشەکانی ژێر کۆنتڕۆڵی ئێمە دەبێت پەیوەستی ئەو یاسایە بن لەهەموو کاتێکدا کە وەکو نوێنەری LafargeHolcim چالاکی دەنوێنن یان بۆ ئەم کۆمپانیایە کار دەکەن، لەم ”ڕێسا“یە پێڕەوی بکەن. لەو کۆمپانیایانەیدا کە ئێمە کۆنتڕۆڵێکمان بە سەریاندا نییە، ئێمە هەوڵ دەدەین ستانداردەکانی پەیوەندیدار بە ئاکاری ئاماژەپێکراو لەم ”ڕێسا“یەدا لەبەرچاو بگرین. هەموو تاکەکان، لەوانە پێشکەشکارانی خزمەتگوزاریی، بریکارە لاوەکییەکان و هاوبەشە بازرگانیەکان، لە ماوەی چالاکی لەلایەن ئێمەوە یان لە ژێر ناوی ئێمەدا، پێویستە ”ڕێسا“ی ئێمە لەبەرچاو بگرن.

### فێرکردن و ڕاهێنان

هەموو کارمەندەکان لە بواری پەروەردەی سەرەتایی و ڕێکوپێکی ئەخلاق و ڕاهاتندا فێر دەکرێن. لەم دانیشتنانەدا دەتوانن پرسیارەکانی خۆتان بهێننە ئاراوە و سەبارەت بە چۆنیەتی کەڵکوەرگرتن لەم «ڕێسایە“ لە چالاکییەکانی ڕۆژانەدا باس بکەن.

### ستانداردە بەرزەکانی تایبەت بە چاوەدێران

چاوەدێران لە هەموو ئاستەکاندا بەرپرسیارێتی زیاتریان بەپێی ”ڕێساکە“ هەیە کە ڕەخسانی ژینگەی لەبارە بە جۆرێ کە کارگێڕەکان بتوانن بە دڵنیایی پرسیارەکان و کێشەکانی خۆیان بهێننە ئاراوە و بابەتەکانی ئاکاری خراپ ڕاپۆرت بکەن، ئەو گرووپانەی بەرپرسەکانیان خاوەن ڕەفتاری پاکن پلەکانیان بەرز دەکرێتەوە.

**لە چاوەدێران ئەو چاوەڕوانیە هەیە کە**

- نموونە بن — بە واتایەکی تر، ئاکاری دروست بە کردەوەی خۆیان پیشان بدەن.
- بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی کە کارگێڕەکان لە پێویستییەکانی ”ڕێساکەی“ ئێمە تێگەیشتوون و سەرچاوەی پێویستیان بۆ دابینکردنی ئەوانە هەیە، لەگەڵ کەسانی خوار خۆیان پەیوەندی پتەو بکەن.
- لەو کارگێڕانەی کە بە نیازپاکییەوە پرسیارەکان یان پەرۆشیەکانی خۆیان دەهێننە ئاراوە، پاڵپشتی بکەن.
- ”ڕێساکە“ بە تەواوەتی جێبەجێ بکەن.

### پێشێلکردنی ڕێسا

هەمووی ئێمە دەبێت لە ”ڕێسا“ کەمان پێڕەوی بکەین. پێشێلکردنی ”ڕێسا“، سیاسەتەکان، فەرمانەکان یان یاساکان ڕەنگە هەندێ دواهاتی ناخۆشی وەک کردەوەی تەمێ کردن تا دەرکردن لە خزمەتکردن و سزای مەدەنی و کەتن دەرهەق بە کۆمپانیا یان کەسەکان بۆ پێشێلکارن دەربکرێن. بۆ کۆمپانیا و تاکەکان هەبێت.

**لەوەی کە کارێک بکەن، بەردەوام لە خۆتان بپرسن کە ئاخۆ ڕەنگە کارەکەی من**

- نادروست، نائەخلاقی یان نایاسایی بێتە ئەژمێر؟
- ئەگەر دەرکەوێت زیان دەدات لە LafargeHolcim یان لەکەدار کردنی ناوبانگەکەی؟
- بڕواداریی LafargeHolcim لە لای کارگێڕەکان، کڕیارەکان خاوەن پشکەکان یان کۆمەڵگە خراپ بکات؟
- زیان بگەیەنێت بە کەسانی تر وەک هاوکاران، کڕیارەکان یان خاوەن پشکەکان؟

گەر وەڵامی هەرکام لەو پرسیارانەی سەرەوە ”بەڵێ“ یان تەنانەت ”ڕەنگە“ بێت، واتە ئەگەری کێشەیەکت دیاری کردووە و دەبێت لەو سەرچاوە جیاوازانەی کە لە بەردەستتان دایە، وەکو سەرپەرشتیار، یان کەرتەکانی ”سامانە مرۆییەکان“، ”یاسایی“، ”کۆنتڕۆڵی ناوخۆیی“، ”ژمێریاری ناوخۆیی“، ”هێمنایەتی ناوخۆیی“ و هەروەها فەرمانبەری ڕاهاتوویی خۆجێیی ڕێنوێنی وەرگرن.



# ئەمە بۆ من چی دەگەیەنێت؟


بەشی فرۆشتن و بازرگانی LafargeHolcim چەندین کاتژمێر بەدرێژایی چەندین مانگ هەوڵیدا بۆ بەدەستهێنانی گرێبەستی هاوردە بەرێژەیەکی زۆر لەگەڵ یەکێک لە کۆمپانیاکانی بواری بیناسازیی. حەفتەیەک پێش دیاریکردنی دەرەنجامی تەندەرەکە، CFO لەلایەن پارێزەرێکەوە پەیوەندییەکی لەگەڵ دەکرێت. ئەو پارێزەرە بە CFO دەڵێت کە ئەگەر LafargeHolcim هاوکارێک کە پەیوەندیی چاکی لە کۆمپانیای بیناکردنەوەدا هەیە دامەزرێنێت، دەتوانێت براوەبوونی LafargeHolcim لە تەندەرەکەدا گەرەنتی بکات. لەوێوە کە بردنەوەی ئەم تەندەرەیە بە قازانجی LafargeHolcim بوو، CFO هان دەدرێت کە ئەم پێشنیارە قبووڵ بکات. ئەو دەبێت چ بکات؟

ئەم دۆخە نیشانەی مەترسییە. وێڕای ئەوەی کە بردنەوەی تەندەرەکە بە قازانجی LafargeHolcim دەبێت، بەڵام ئەم بردنەوە نابێت بە نرخی پێشێلکردنی یاسا یان خراپ بوونی بڕواداریی LafargeHolcim کۆتایی پێ بێت. ئەو دەبێت لەگەڵ بەرپرسی پەیوەستبوونی خۆجێیی راوێژ بکات.

**تێبینی گرنگ:** ئەگەر لە نێوان پێویستییە یاساییەکانی خۆجێیی و ”ڕێساکەی“ ئێمەدا دژایەتی هەبێت، ئێمە بەردەوام ستانداردی باڵا جێبەجێ دەکەین. ئەگەر پێڕەوی لە ”ڕێساکە“ پێشێلکەری یاسا باوەکانی خۆجێیی بێت، دەبێت لە فەرمانبەری راهاتوویی خۆجێیی راوێژکاریی وەرگرن.[1]

[1] لەحاڵەتی نەبوونی بەرپرسی پەیوەستبوونی خۆجێی، سەرۆکی بەشی یاسا لەبری کارەکان رادەپەڕێنێت تا کەسێک وەک بەرپرسی پەیوەستبوونی خۆجێی دەستنیشان دەکرێت.

# 1. دەستپاکی لە شوێنکاردا



# 1.1 تەندروستی و سەلامەتی (H&S)

**ئێمە لە LafargeHolcim دا تێدەکۆشین کە شوێنێکی بێمەترسی و دڵنیا بۆ کارمەندەکان، بریکارەکان، کڕیارەکان و خاوەن پشکەکان پێکبهێنین. هیچ کام لە کارگێڕەکان یان هاوکارانی ئێمە نابێت زیانیان بەر بکەوێت لەکاتی کار یان کارکردنیان بۆ ئێمە. ئامانجی ئێمە بەرگری لە زیانلێکەوتنی تاکەکانە. بۆ گەیشتن بەم ئامانجە، پێویستمان بە بەڵێنی گشتی هەمووان هەیە.**



ئێمە لە ڕێگای ڕەوتەکانی بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی کارەوە گەڕەنتی ئەوە بکەین کە هەموو کارمەندەکان لە بەرپرسیارێتیەکانیان تێدەگەن، و ئەو پاڵپشتییانەن کە بۆ سەرکەوتن پشتیان پێ دەبەستن. ئامانجی ئێمە پێکهێنانی شوێنکاری بێمەترسی و دڵنیا و هاوکاری لەگەڵ کارمەندەکان و بریکارەکانە لە بواری پێکهێنانی ڕۆشنبیري برەودەری بەرپرسیارێتی تاکەکەسی و بەکۆمەڵ لە بواری تەندروستی وسەلامەتیدا.

ئێمە تەندروستی و سەلامەتی لە هەموو ڕەوتەکانی بازرگانیدا لەبەرچاو دەگرین کار دەکەین لەسەر هاندانی خۆپاراستن لەو لایەنەوە لەناو کۆمپانیا وچارەسەرکردنی گرفتەکان بەهاوکاری یەکەی تەندروستی و سەلامەتی.

"تەندروستی و سەلامەتی" لە بەها سەرەکیەکانی LafargeHolcim دەبێت؛ واتە یەکە یەکەی کارمەندەکان و بریکارەکان کە لەگەڵ LafargeHolcim کار دەکەن دەبێت بزانن کە بۆ بەرگیری لە پێکانی مەترسیدار یان تیاچوون دەبێت چ بکەن.

## یاساکانی تەندروستی و سەلامەتی:

یاسای 1 پێش دەسکردن بە هەر کارێک مەترسی هەڵدەسەنگێنم و کۆنتڕۆڵی دەکەم.

یاسای 2 تەنیا خەریکی ئەو چالاکیانە دەبم کە ڕێگەپێدراوم بۆ جێبەجێ کردنیان.

یاسای 3 هەرگیز لە ئامرازەکانی پەیوەندیدار بە تەندروستی و سەلامەتی کەڵکی نالەبار وەرناگرم و بەردەوام لە ئامرازەکانی خۆپاراستنی کەسێتی PPEی پێویست کەڵک وەردەگرم.

یاسای 4 هیچ کارێک لە ژێر کاریگەری ئەلکهوڵ یان مادده هۆشبەرەکاندا جێبەجێ ناکەم.

یاسای 5 هەموو ڕووداوەکان ڕاپۆرت دەکەم.

لەبەرچاوگرتنی ئەم یاسایانە یەکێک لە مەرجەکانی دامەزراندنە.

سیاسەتی پەیڕەوکراوی LafargeHolcim

• سیاسەتی تەندروستی و سەلامەتی (H&S)

# ئەمە بۆ من چی دەگەیەنێت؟

؟

پاش چوونەناو شوێنکار بۆت دەرکەوت کە یەکێک لە هاوکاران لە ئامرازی شیاو بۆ جێبەجێکردنی کاری خۆی کەڵک وەرناگرێت. دەبێت چی بکەیت؟

!

هیچ کەس مافی ئەوەی نییە کە بنەماکانی سەلامەتی (هەڵسەنگاندنی مەترسی و بەکارهێنانی ئامرازە شیاوەکان) پشتگوێ بخات. کەواتە دەبێت پەرۆشی خۆتان بۆ هاوکارەکەتان پیشان بدەن و لێی بپرسن کە ئاخۆ بۆ گەڕەنتی دڵنیایی کار پێویستی بە یارمەتی ئێوە هەیە یان نا.

؟

ڕۆژێک بەیانی زووتر لە کاتی خۆی دەگەیتە شوێنکار و یەکێک لە هاوکارەکانتان دەبینن لە کاتی خواردنی چەند دەنکە حەبێک لەگەڵ خواردنەوەی قتوو. لە کاتی چاکوچۆنی کردن لەگەڵ هاوکارەکەتان لە شوێنی خۆگرین، هەست بە بۆنی ئەلکهول دەکەیت لە هەناسەیدا، کاتێک لێی دەپرسیت کە ئاخۆ ئەلکهۆڵی خواردووەتەوە، لە وڵامدا دەڵێت نەخێر بەلکو بۆنی دەمشۆرە کە غەرغەرەی پێکردووە، لەو کاتەدا دەبێت چی بکەیت؟

!

بۆ گەڕەنتی سەلامەتی گشتی هەمووان لە شوێنکاردا، پێویستە کە پەرۆشی خۆتان سەبارەت بە هاوکارەکەتان لەگەڵ چاوەدێر یان کەرتی "سەرچاوە مرۆییەکان" بخەنەروو. هاوکاری ئێوە ڕەنگە کێشەیەکی هەبێت کە پێویستی بە یارمەتی هەبێت، و چالاکی ژێر کاریگەریی ئەلکهۆڵ یان کەرستەی هۆشبەر ڕەنگە سڵامەتی کەسانی تریش بخاتە مەترسییەوە.

؟

ئێوە ئاگادارن لەسەر ڕووداوێکی پەیوەندیدار بە H&S لە ڕێکخراوی خۆتاندا و گومانتان هەیە کە ئەو ڕووداوە بەپێی ئەم یاسایانە ڕاپۆرت کرابێت. دەبێت چ بکەن؟

!

دڵنیا ببنەوە کە چاودێرەکەتان ئاگادارە لەو ڕووداوە و لە ڕێگای ڕاوێژ لەگەڵ چاوەدێرەوە دڵنیا ببنەوە کە ئەو کێشەیە ڕاپۆرت کراوە. ئەگەر ناتوانن ڕاستەوخۆ لەگەڵ چاوەدێر سەبارەت بەم کێشەیە قسە بکەن، لەگەڵ دەستەی پشتیوانی خۆجێیی H&S، بەرپرسی پەیوەستی خۆجێیی یان کەسێک لە سەرچاوە مرۆییەکان کە لە بەردەستتان دایە قسە بکەن. ئەگەر پەیوەندی کردن بەم لایەنانەوە ئەستەم بوو، باشتر وایە کە لە "هێڵی دەستپاکی" کەڵک وەرگرن.

# 2.1 جۆراوجۆریی، یەکسانی و ڕێز

**LafargeHolcim وەکو کۆمپانیایەکی نێودەوڵەتی، بە هەبوونی 115,000 کارگێڕی چالاک لە هێڵەکانی بەرهەمهێنان لە نزیکەی 90 وڵات، بەختەوەرانە هێزی کاری جۆراوجۆری هەیە.**

ئێمە لەو باوەڕەداین کە هەبوونی ئاکاری ڕێزگرتن لە یەکتر ئەرکی ئێمەیە. ئەمە بە واتای بە فەرمی ناسینی جۆراوجۆریی، لە ئەتنیک، ئایینی، ڕەگەز و هەر جیاوازییەکی تر. جیاوازیەکان دەبنە هۆی دەرکەوتنی دیمەنە جیاوازەکانی جیهان و ڕوونتربوونی ڕوانگەی LafargeHolcim سەبارەت بە جیهان و یارمەتی ئێمە دەدات کە تا دەکرێ پێشکەوین. بەم چەشنە، ئێمە شوێنکاری جۆراوجۆر و دادپەروەرانە کە ڕێگە خۆشکەر بێت بۆ پاراستنی ڕێزی هەموو هاوکارەکان، کڕیارەکان و هاوبەشە بازرگانیەکان، بە بایەخدار دەزانین و برەوی پێ دەدەین.

ئێمە هەمووومان هەوڵ دەدەین بۆ ڕەخساندنی ژینگەیەک کە ڕێز، پاراستنی کەرامەتی تاکەکەسی، ئازادی پەیوەندیی و سەوداکردنی بەکۆمەڵ و هەروەها پاراستنی مافی تاکەکەسی و دڵنیایی یەکە یەکەی تاکەکان بەشێک لە ئەزموونی کاری ڕۆژانەمان هەژمار دەکرێت. ئێمە لەو بڕوایەین کە ڕێزگرتن لە شوێنکاردا لە بەشە سەرەکیەکانی کارامەیی و بەشدارییە.

لەگەڵ هەموو کارمەندان، بێ لەبەرچاوگرتنی پلە و پێگەی پیشەیی، لە بواری بابەتەکانی کاریگەر لەسەر بەرزکردنەوە، فێرکاریی، دامەزراندن، مووچە و تاوان و بژاردن بە شێوەی دادپەروەرانە هەڵسوکەوت دەکەین.

**قەدەغەبوونی هەڕەشە و توندوتیژی**

بۆ ڕاگرتنی شوێنکار بە بێ توندوتیژی، کەڵکی نالەبار وەرگرتن یان ئاکاری هەڕەشاوی، پێویستە هەموو کارمەندەکان ئەدەب و ڕێز پیشاندەن لە هەڵسوکەوتیاندا. نە تەنیا لە شوێنکاری LafargeHolcim بەڵکو لە کاتی خەریک بوون بە کاروباری پەیوەندیدار بە LafargeHolcim – لە مامەڵە کردنیان لەگەڵ کڕیارەکان، لێخوڕینی بارهەڵگر LafargeHolcim یان ئاوێتەبوون لەگەڵ کۆمەڵگای خۆجێیی. پێویستە بەردەوام پەیوەستی ڕەفتاری پیشەییانەی ڕاست و دروست بن.

### لاقە کردن

”لاقەکردن“ جۆرێ هەڵاواردنە خۆی لە ڕەفتارێکی نەخوازراودا وێنا دەکات ئامانجەکەی یان کاریگەریەکەی پێکهێنانی شوێنکاری ترسێنەر، ناخۆش یان ئازاردەرە. لاقە کردن شێوازی جۆراوجۆری هەیە وەک کاری جەستەیی یان تێبینی زارەکی یان نووسراو یان وێنەی بەرجەستەکراو.
لاقەی سێکسی خۆی لە پێشنیارە سێکسیە نەخوازراوو داوای سازشکردنە سێکسیەکاندا دەبینێتەوە، یان هەر ڕەفتارێکی دیکە زارەکی و جەستەیی مەیلدار بەلای سێکسدا کە دەبێتە هۆی ڕەخساندنی کەشێکی نالەبار و بێڕێزیی لەکاتی کارکردندا. LafargeHolcim هەموو جۆرەکانی لاقەکردن، چ لەلایەن کارگێڕانەوە و چ لەلایەن کەسانی ترەوە، بە توندی مەحکوم دەکات.

### تایبەتمەندی

لە نێوان هاوکارانی ئێمەدا لە باری پێشینەی نەتەوەیی، کەلەپووریی، تەمەن، کەمئەندامی، نەخۆشی، ڕەگەز، شوناس، بوچۆنی نێونەتەوەبب و ئەندامی لایەنێکی سیاسی و سەندیکا و کەمینەکان بوونیان هەیە.
لە ڕوانگەی ڕێزگرتنمان بۆ یەکتر و پەیوەستبوونمان بە یاساکانی کارکردن کە لە زۆربەی وڵاتان کاری پێدەکەین، هیچ تایبەتمەندیەک لە دژی هیچ کەسێک بەکار ناهێنین، ئەم بنەمایە درێژبۆتەوە بۆ ناو سەرجەم بریارەکان تەنانەت لە دامەزراندن و ڕاهێنان و هەڵسەنگاندن و بەرزکردنەووەو پاداشتیشدا.



**سیاسەتی کارپێکراوی**
LafargeHolcim

• سیاسەتی سەرچاوە مرۆییەکان

# ئەمە بۆ من چی دەگەیەنێت؟

?

لە پاڵێوراوێک دەگەڕێن بۆ دامەزراندن وەکو بەڕێوەبەری فرۆشتن. ئێوە لەسەر ئەو بڕوایەن کە چالاکی فرۆش  کارێکە بۆ ڕەگەزی نێر دەبێت واتە کارێکی ”پیاوانە“یە و لە خۆتان دەپرسن کە ئاخۆ دەتوانن تەنیا داواکارانی پیاو بۆ پێگەی بەڕێوەبەری فرۆشتن لەبەرچاو بگرن یان نا.

!

ئێوە ناتوانن تەنیا بە دوای داواکارانی پیاودا بگەڕێن یان داخوازیەکانی داواکارانی ژن تەنیا بەپێی (ڕەگەزی نێر و مێ) ڕەت بکەنەوە؛ ئەم ئاکارە جیاوازیکاری ڕەگەزیە. گەڕانی ئێوە دەبێت بەپێی بەڵگە، شارەزایی و ئەزموونی پاڵێوراوەکان و کارامەیی ئەوان لە جێبەجێکردنی ئەرکە پیشەییەکانی ئەو پێگەیەدا بێت.

?

یەکێک لە هاوکارانی ئێوە بەردەوام نوکتە (قسەی خۆش) دەگێڕێتەوە. هەموو  ئامادەبوانی نووسینگە نوکتە و وتەکانی ئەو دەبیستن. هەندێ جار ئەم نوکتانە بریتین لە هەندێ ئاماژە کە ڕەنگە بۆ هەندێ کەس سەرنجڕاکێش بن بەڵام هەندێکی تر ڕەنگە ئەوانە بە جێی گومان یان سوکایەتی پێکردن بزانن. ئەو نوکتانەی کە تێیاندا گاڵتە بە مەیلی سێکسی تاکەکان هەیە بەتایبەت بۆ کەسێک جێی ناڕەحەتییە. دەبێت چ بکەن؟

!

ئێوە دەبێت لەگەڵ هاوکارەکەی خۆتان قسە بکەن و ڕابگەینن کە مەرج نیە هەموو ئەوانەی لە نووسینگەنوکتەکانیان بەلایەوە پێکەنیناوی وخۆش بێت بەڵکو هەندێکیان بە سوکایەتی پێکردنی دەزانن. ئەگەر ئەو دەربڕینی ئەم وتانە ڕانەگرێت، دەبێت بابەتەکە لەگەڵ چاوەدێری خۆی یان ”سەرچاوە مرۆییەکان“ بهێننە ئاراوە.

?

لە کاتی سەردانی یەکێک لە کارگەکان ڕۆژمێرێکی دیواری دەبینن کە وێنەیەکی نەشیاوی لەسەرە. وێڕای ئەوەی کە پێتان شتێکی ناشرینە، ناتانەوێت کاردانەوەتان هەبێت، چونکە لەو کەرتە تایبەتەی کارگەدا هاوکاری ژن نییە.

!

بێدەنگ مەبە لەئاستی ئەوەدا. پیشاندانی وێنە یان نیگاری سێکسی لە شوێنکارەکانی LafargeHolcim دا بە لاقەی ڕوانگە دێتە ئەژمێر و بە ڕوونی قەدەغەیە. ئێوە دەبێت ئەو شتەی کە بینیوتانە بە سەرپەرشتیار یان بەڕێوەبەری کارگەکە ڕابگەیەنن تاکو ڕۆژمێرەکە لابرێت.

# 2.1 پارێزگاریی لە موڵکی کۆمپانیا

هەموو کارمەندەکان بەرپرسیارێتی پاراستنی موڵک وماڵی کۆمپانیا لەئەستۆ دەگرن و لێکدانەوەی باشیان هەیە بۆ زامنی تێکچوونی کەلەوپەلە ماددی و مەعنەوییەکان سەرباری پاراستنی سەروەت و نەدزینیان و خراپ بەکارنەهێنان و بەفیرۆنەدانیان .

### پارێزگاریی لە موڵکە ماددییەکان

موڵکە ماددییەکانی LafargeHolcim، وەکو ئامێرەکان، کەرستە و دامەزراوەکان، ئامرازەکانی جێبەجێکردنی ئەرکەکانی رۆژانەن. ئەم موڵکانە بە هەوڵ و تێکۆشان لەسەرتاسەری جیهان دەستەبەر بوون هەرکام لە ئێمە بە قبووڵکردنی کار بۆ LafargeHolcim بەرپرسیارێتی ئەم کەلوپەل و موڵکانەشی لە ئەستۆ گرتووە و دەبێت لەوانە لە بەرانبەر دزران، ونبوون، کەڵکی نالەبار و لەکیسچوون پارێزگاریی بکەین. سەرەڕای ئەوە، ئێمە دەبێت دڵنیا ببینەوە کە هەموو کەرەستەکان بۆ مەبەستی شیاوی خۆیان بەکاردەهێنرێن.

### پارێزگاریی لە موڵکە مەعنەویەکان

ئێمە لە LafargeHolcim دا بەردەوام خەریکی بەرهەمهێنانی بیرۆی نوێ و ستراتیژ و جۆری دیکەی بەدەستهێنانی زانیاریی بازرگانی بەهادارین کە تایبەتن و دەخوازین بیانپارێزین بەو پێیەی بەرهەمی عەقڵی کەسانی کۆمپانیاکەمانن. ئەم زانیاریانە بەشێکی گرنگ لەو شتەیە کە قازانجی کیبرکێ بە ئێمە دەبەخشێت. ئاشکراکردنی ئەم زانیاریانە قەدەغەیە و ئێمە دەبێت ئاگامان لە مەترسییەکانی ئاشکراکردنی زانیاری نهێنی هەبێت.

### زانیاریی نهێنی کارمەندان و لایەنەکانی دیکە

ڕێگەنادرێت بەهەڵدانەوەی دۆسیە و داتای کەسی تایبەت بە کارمەندەکان کە بریتین لە هەڵسەنگاندنی کار، مووچە، مووچەی خانەنشینی و قازانجەکان، تەنیا بۆ کەسانی خاوەن بەرپرسایەتی پەیوەندیدار و بەپێی یاساکانی پاراستنی زانیاریەکان رێگەپێدراوە. هەروەها، ئێمە ئەرکی ئەوەمان لەسەر شانە کە ئەو زانیارییە نهێنیانەی کە کڕیارەکان، پێشکەشکاران و دیکەی هاوبەشە بازرگانیەکان بە ئێمەیان سپاردووە وەک زانیاریەکانی خۆمان بیان پارێزین.



**لە رەوتی ئاسایی چالاکیدا، هەندێ زانیاریی سەبارەت بە کۆمپانیاکانی دیکە، لەوانە کڕیارەکان، پێشکەشکاران و رکابەران، دەستەبەر دەکرێن. لەگەڵ ئەوەش سنوری یاسایی و ئەخلاقی هەیە لەبارەی پاراستنی زانیارییەکانی رکابەرێتی بەبێ لادان:**

- ئێمە دەبێت لە دەستەبەرکردنی زانیاریی لە ڕێگای ناشیاو، وەک بەرتیلدان بە، یان سیخوڕی لەگەڵ ئەوانەی لە کێبڕکێدان لە گەڵمان، دوورەپەرێزی بکەین.
- بە گشتی نابێت زانیاریی پەیوەندیدار بە کێبرکێکردن لە سەرچاوە ناگشتییەکان دەستەبەر یان داوا بکەین. بۆ تێگەیشتن لە واتای "نا-گشتی" لەگەڵ بەرپرسی پەیوەستی خۆجێی قسە بکە ئەگەر کەوتیتە گومانەوە لە هەندێک حاڵەتی تایبەتدا.
- دامەزراندنی کارمەندی یەکێک لە کۆمپانیا رکابەرەکان بۆ دەستەبەرکردنی زانیاریی نهێنی یان هاندانی کارمەندی رکابەر بۆ دەرخستنی زانیاریی نهێنی پەیوەندیدار بە خاوەنکاری پێشوو قەدەغەیە.
- قبوڵ نەکردنی زانیاری نهێنی کە دەخرێتە روو لەبارەی یەکێک لە رکابەرەکانەوە. ئێوە دەبێت بپرسن کە ئاخۆ ئەم زانیارییە نهێنییە یان نا، چۆن دەستەبەر کراوە، و ئاخۆ زانیارییە پێشکەشکراوەکان خاوەن پۆلێنبەندی "رازدارانە"، "نهێنی"، "تایبەتی" یان "تەنیا بۆ راگرتنی دڵی تۆیە". هەیە یان نا.

# ئەمە بۆ من چی دەگەیەنێت؟

؟

لە ڕێگای هاتن بۆ شوێنی کار لە شەمەندەفەردا، هەندێ جار تەلەفۆنی پەیوەندیدار بە کارەکانم دەکەم. هیچ کێشەیەک لەمەدا هەیە؟

!

پێویستە خۆت بەدووربگریت لە تاتوتوێکردنی زانیاری تایبەت بە کۆمپانیا لە شوێنە گشتییەکانی وەک ناو ئۆتۆمبێلی گشتی کرێ و ناو شەمەندەفەر و مەسعەدەکان یان لە کۆنگرە و پێشانگا بازرگانیەکان. ئەگەر ئەنجامدانی پەیوەندی تەلەفۆنی لە شوێنی گشتیدا پێویستبوو، ئاگاداری دەوروبەری خۆتان بن.

؟

ئەگەر یەکێک لە کێبرکێکەران ئیمەیلێک بۆ ئێوە بنێرێت کە بەڵگەنامەیەکی نهێنی بەهەڵە و بە هۆی بە هەڵە گرتنی ناوی ئێوە لەگەڵ کەسێکی تر، هاوپێچ کرابێت، دەبێت چ بکەن؟

!

ئەگەر تێبگەن کە ئەم ئیمەیلە بە هەڵە بۆ ئێوە نێردراوە و بزانن بە نهێنی بوونی هاوپێچەکەی، دەبێت لە کردنەوە، گواستنەوە، چاپ کردن یان بڵاوکردنەوەی خۆمان بپارێزن. ئەگەر بەڵگەنامەکەتان کردۆتەوە، دایخەن، لە زانیاریەکانی کەڵک وەرمەگرن و دەستبەجێ پەیوەندی بکەن بە بەرپرسی پابەندیی خۆجێییەوە. هەرچۆنێک بێت، ئیمەیلەکە پێش پەیوەندی کردن بە بەرپرسی پابەندی خۆجێییەوە مەسڕنەوە.

# 4.1 سیستەمەکانی زانیاریی، ئیمەیل و تۆڕەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی

تەکنۆلۆژیا لە شوێنکاردا هەلی خزمەتکاریی کاریگەرتر بۆ کڕیارەکانمان دابین دەکات. ئێمە بۆ پشتیوانی پرۆسەکان و پەیوەست بوون لە سەرتانسەری جیهان لە تەکنۆلۆژیا کەڵک وەردەگرین.

ئینتەرنێت، ئیمەیل و دیکەی بەرنامەکان بۆ ئامانجە بازرگانیەکان دابین دەکرێت. هەموو پەیوەندییە بازرگانییەکان و پەیوەندییە ناوخۆییەکان لەگەڵ کارگێڕانی LafargeHolcim و لایەنی سێهەمی دەرەکی دەبێت لە ڕێگای ئامرازەکانی پەیوەندیی ئەلێکترۆنی و ئیمەیل کە لەلایەن گرووپی LafargeHolcim پەسەند کراون. لە بواری ناردن و وەرگرتنی ئیمەیل و هاوپێچ دەبێت هەر ئەو ستانداردانەی پەیوەندیدار بە نامەی چاپکراو لەبەرچاو بگیرێن. دەرخستن (لە ڕۆژنامە، بۆ ڕکابەران یان بابەتی هاوشێوە) یان بڵاوکردنەوەی زانیاریی یان پەیوەندیی ناوخۆیی LafargeHolcim یان دانانی ئەوانە لە ماڵپەڕەکانی ڕاگەیاندنە کۆمەڵایەتیەکاندا بە بێ مۆڵەت وەرگرتن قەدەغەیە.

نابێت سیستەمەکانی زانیاریی، ئینتەرنێت، ئەژمێرەکانی ئیمەیل یان میدیاکانی تری ڕاگەیاندن و پەیوەندیکردنی LafargeHolcim بۆ ئامانجی نایاسایی یان نارەوشتیانە بەکار بهێنرێن. گەڕان، دابەزاندن یان گواستنەوەی زانیاریی لەکەدار و هێرشبەرانە و دابەزاندنیان و ئاراستەکردنەوەیان ڕەنگە ببێتە هۆی لێپرسینەوەی یاسایی. هەروەها ئاگادار بن کە بەکارهێنان، یان کۆپی کردنی بەرنامە یان داتا لە سیستەمەکانی زانیاریی LafargeHolcim بۆ ئامانجی تاکەکەسی قەدەغەیە مەگەر ئەوەیکە مۆڵەتی ڕوونی بەشی تەکنۆلۆجیای زانیارییەکانی بۆ وەرگیرابێت.

تۆڕەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی هەلی پێکهێنانی پەیوەندیی خێرا و بەربڵاومان بۆ دەڕەخسێنن. پێش لە بڵاوکردنەوەی وێنە یان دەقێک کە زانیاریی پەیوەندیدار بە هاوکارەکان یان شوێنی کاری تێدایە، بەوردی بیر بکەنەوە. لە ئاکامە چاوەڕوان نەکراوەکان دەکرێت ئاماژە بە زیانلێکەوتنی ناوبانگی تاکەکان یان LafargeHolcim بدرێت.

سیاسەتی کارپێکراوی LafargeHolcim
- ڕێنمایی بەکارهێنانی سیستەمەکانی زانیاریی
- ڕێنمایی تایبەت بە بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان


## ئەمە بۆ من چی دەگەیەنێت؟

ئێوە کۆپییەک لە فایلی دامەزراندنی Microsoft Word لەسەر دیسکی USB کۆپی دەکەن بۆ ئەوەی دواتر ئەوە لە سەر کۆمپیوتەری ناوماڵی خۆتان دابمەزرێنن. ئێوە وادەزانن کە زیانێک لە LafargeHolcim نادرێت چونکە فایلی سەرەکی هێشتا لە کۆمپانیا بوونی هەیە، ئایا دەتوانن ئەو کارە بکەن؟

نەخێر دروست نیە. کاتێک کە LafargeHolcim نەرمنامرازێک دەکرێت، بە شێوەی یاسایی پەیوەستە بە مۆڵەت وەرگرتن لەو کۆمپانیایەی کە سیستمی بەرنامەکانی بۆ دابەزاندووە. بەکارهێنانی ئەو بەرنامەیە بۆ ئامانجی تاکەکسی بە ئەگەری زۆرەوە پێشێلکەری گرێبەستی مۆڵەتە و LafargeHolcim ڕەنگە بە هۆی بەکارهێنانی ڕێگەپێنەدراو بە لادەر لە یاسا بزانرێت. بۆ ئەم کارە پێویستتان بە ڕێگەپێدان هەیە لەلایەن بەشی تەکنۆلۆجیای زانیارییەکان.



# 2. دەستپاکی لە چالاکییەکانی چالاکییە بازرگانییەکان



# 1.2 بەرەنگاریی بەرتیل و گەندەڵی


**LafargeHolcim بەرهەمەکان و خزمەتگوزارییەکان بە پێی چۆنایەتی، دڵنیایی و زۆر پێوەری تر دەفرۆشێت بەڵام هەرگیز بەرتیلخۆری بە ڕەوا نازانێت.**

ئێمە بەڵێنی پشتیوانی گەشەی تەندروستی ئەو کۆمەڵگایانە کە تێیاندا چالاکیمان هەیە دەخەینە ئەستۆی خۆمان. ئێمە ئەم بەڵێنە بە ئەرکی سەرەکی خۆمان دەزانین کە مۆڵەتی کارکردنمان هەیە لە زیاتر لە 90 وڵات. قبووڵکردنی سەروەری یاسا و نموونەی باشیی بۆ کاری پیشەیی یەکێکە لە شێوەکانی بەدیهێنانی ئەم بەڵێنەمان.

ئێمە دەزانین بەرتیلدان - ئەگەرچی برەکەشی کەم بێت - زیانی گەورە بە کۆمەڵگاکان دەگەیەنێت و بە زۆری دەبێتە هۆی دزیکردن لە چینی ناوەندیی و بێبەشبوونی تەواوی هەژارەکان لە خزمەتگوزاریی حکومەت. ئێمە دەزانین کە بەرتیلدان قەت ئاکارێکی دروست و کارێکی بەردەوام نییە و بەرتیلخۆری بە هەر شێوەیەک لەگەڵ کولتووری دەستپاکی LafargeHolcim-دا ناگونجێت.

یاسا نێودەوڵەتییەکانی بەرنگاربوونەوەی گەندەڵی پەیرەو دەکرێت بە سەر هەموو چالاکییەکانی ئێمە لە سەرانسەری جیهاندا. ڕێگەپێدان یان وەرگرتنی هەر چەشنە بەرتیل یان شیرینەییەک بە هەر فەرمانبەرێکی گشتی یان کەسێکی ئاسایی هەرگیز ڕێگەپێدراو نییە. هەروەها ئێمە کەسانی سێهەم بۆ جێبەجێ کردنی ئەو کارانەی کە بۆ خۆمان ڕێگەپێنەدراون وەک بەرتیلدان، لەسەرکار دانامەزرێنین. کەواتە کەسانی دیکە کە لە دەرەوەی LafargeHolcim کار دەکەن، هەرگیز نابێت بەرتیل بدەن یان بەرتیل وەربگرن.

دەستەواژەی ”کەسانی دەرەکی“ بریتیە لە راوێژکاران، کۆنتراتکارە لاوەکییەکان، خاوەن تایبەتمەندییەکان و بریکاریەکانی فرۆشتن و دابەشکار و کارمەندە دڵسۆزەکانی گومرگ و دەزگاکانی ژمێریاری یان یاسایی، یان کۆمپانیاکانی پێشکەشکاری خزمەتگوزاریی وەرگرتنی ڤیزا، مۆڵەت یان بەڵگەکانی پشکنین و هاوبەشەکانی هاوکاری بێبەرابەر. بەبێ ڕەچاوکردنی جۆری کەسی دەرەکی، پێویستە کە هەموو لایەنە دەرەکییەکان کە بۆ LafargeHolcim کاری بازرگانی یان پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان دەکات بە پێی چاودێری پێویست و تایبەت بە لایەنە دەرەکییە کارپێکراوەکان لەلای لافارج هۆڵسیم هەڵبژێردرێن یان دەبێت هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکرێت بە پێی ڕێنمایی چاودێری پێویستی تایبەت کەکاری پێدەکرێت لە کۆمپانیا تایبەت بە لایەنە دەرەکییەکان.



### ئاسانکاریی کردن

هەندێکجار پارەدان بە فەرمانبەرە گشتییەکان دەگوترێت. ”پارەدانی ئاسانکاری“ ئەم دەستەواژە بۆ هەندێک پارەدانی کەم کە بۆ وەرگرتنی خزمەتگوزاریی ئاسایی حکومییە کە پارەدان لەبری ئەوانە ڕێگەپێدراون، بەکاردەهێندرێت. LafargeHolcim فەرمانبەرانی خۆی بۆ دانی ئەو جۆرە پارەیە قەدەغە دەکات. تاکە بابەتی جیاوازی ئەم یاسایە کاری پێدەکرێت کاتێک کە فەرمانبەر ژیان، ئاسایش یان تەندروستی خۆی لە مەترسییەکی نزیکدا ببینێت و وەها پارەدانێک بە پێویست بزانێت. ئەگەر فەرمانبەرێک لە ترسی ئاسایش یان گیانی خۆی وەها پارەیەک بدات، هەموو وردەکارییە پەیوەندیدارەکان دەبێت لە یەکەمین دەرفەتدا بە بەرپرسی پابەندی خۆجێیی ڕابگەیەنێت و پارەدان دەبێت بەوردی لە نووسینگە و بەڵگەکانی LafargeHolcim-دا تۆمار بکرێت.

بەرتیل ڕەنگە بە شێوەی جیاواز بەدی بکرێت. بەرتیل جگە لە شێوەی نەختیی ڕەنگە بە شێوەی هەندێک خەڵاتیی وەک بلیتی سەفەر، تێچوونی قوتابخانە، خەڵاتی خێرۆمەندانە و شێوازی جۆراوجۆر بخرێتە ڕوو.

# ئەمە بۆ من چی دەگەیەنێت؟

؟

ئێوە بەرنامەی کردنەوەی کارگەیەکی نوێی چیمەنتۆ لە وڵاتی خۆتاندا بۆ LafargeHolcim ئامادە دەکەن. لە کاتی دانوستان لەگەڵ بەرپرسە حکومیەکان، پارێزگاری شارەکە بە ئێوە ڕادەگەیەنێت کە کردنەوەی کلینیکێکی نوێ لە شاری نزیک بە شوێنی کردنەوەی کارگەکە پێویستە. پارێزگار ڕوونی دەکاتەوە کە پشتگیریی LafargeHolcim لە دروستکردنی کلینیکی نوێ نە تەنیا کاریگەری لە سەر دەرکردنی مۆڵەتی کردنەوەی کارگە نوێیەکەی LafargeHolcim هەیە بەڵکوو یارمەتی بەرنامەکانی دیسانەوە هەڵبژاردنی پارێزگاریش دەدات. دەبێت چی بکەن؟

!

ئەم داواکارییە ڕەنگە پێشێلکردنی یاساکانی ئێستای بەرەنگاربوونەوە گەندەڵی بێت. ئێوە دەبێت سەبارەت بەمە پەیوەندی بکەن بە بەرپرسی پابەندی خۆجێیی و چاوەدێری خۆتان و بە پێی فەرمانی ئەوان کار بکەن.

؟

کەسێکی پێت ڕادەگەیەنێت کە "هەموو کەسە گونجاوەکان بە کارەکانت دەناسێت" و بە وەرگرتنی مووچە دەتوانێت ڕەوتی بەستنی گرێبەستی نوێ خێراتر بکات. ئەو دەڵێت کە ئەمە تێچوونی سەفەرە بەڵام ئێوە بە دروستی نازانن کە ڕەنگە کام سەفەر پێویست بێت. دەبێت چی بکەن؟

!

پارەدان بە کەسانی دەرەکی دەبێت بە پێی پسوڵە جێبەجێ بکرێت. ئەو وردەکارییانەی کە لە لیستەی فرۆشدا هێنراون دەبێت بە شێوەیەک بن کە ڕاستی و گونجاویی ئەو تێچوونانە بسەلمێنن. پارەدانی پێشەکی بە کەسی دەرەکی بە پێی داواکاریی ئەو دەبێت بە هۆیەکی سەلمێندراو جێبەجێ ببێت. تەنیا ئەو کاتە ڕوونکردنەوەکان وەربگرن کە پشکنینی تەواوتان جێبەجێ کردبێت. ئێوە هەروەها دەبێت بڕواداریی و پێشینەی کەسی دەرەکی لێکبدەنەوە.

# 2.2 دیاری و میوانداریی

پەیوەندییە پیشەییە شیاوەکان بە پێی متمانە و نیازپاکی دروست دەبێت و لەوێوە کە ئێمە مشتەری و هاوبەشە بازرگانییەکانی خۆمان بە بایەخ و بە بەرێز دەزانین، هەرکام لە لایەنەکان رەنگە بیەوێت هەر ماوە جارێک ئەم بایەخ و رێزە بە پێدانی دیاری و میوانداریی بسەلمێنێت.

دەتوانین خۆمان لە هەڵە تێگەیشتنی نیەتە چاکەکان بپارێزین لە رێی جیاکردنەوە و هەڵسەنگاندنی تەواو و بریاردانی بەجێ پێش وەرگرتن یان بەخشینی دیاری و پێشنیاری میوانداریی کردن. دیاری و میوانداریی دەبێت هەمووکات مامناوەندیانە بێت و قەت نابێت وەکوو ئامرازێک بۆ دانانی کاریگەریی هەڵە یان دروستکردنی نارۆونی سەبارەت بە دژبەیەکبوونی قازانجەکان بەکار بهێندرێت.

سەبارەت بە دیاری و خەڵاتکردنی بەرپرسە حکومەییەکان هەموو کات دەبێت پارێزکار بن. بەرپرسی فەرمی پێناسەیەکی بەربڵاوی هەیە و کەسانی خاوەنکاری حکومی لە وڵاتێکی دیاریکراودا (فەرمانبەری حکومەت) لە خۆ دەگرێت کە رەنگە فەرمانبەرانی ئاژانسی حکومی یان کۆمپانیایەکی سەر بە حکومەت بگرێتەوە. هەندێک لە حکومەت و دامەزراوە حکومییەکان لە پێدانی دیاری و میوانداریی کردنی بەرپرسە حکومییەکان هەندێک یاسای تایبەتیان هەیە کە رەنگە توندتر بێت لە سیاسەتەکان و فەرمانەکانی LafargeHolcim. ئەگەر دەتانەوێت دیارییەک بە بەرپرسێکی کومەت بدەن یان میوانداریی بکەن و لە دروستی کاری خۆتان دڵنیا نین، یاسا خۆجێیەکانی دیاری و میوانداریی بخوێننەوە یان سەردانی بەرپرسی پابەندی خۆجێی بکەن.

ئێوە ناتوانن پارە یان سەرچاوەکانی خۆتان بۆ پێشێلکردنی یاساکان، سیاسەتەکان، فەرمانەکان یان ئەم ”رێسایە“ تەرخان بکەن. هەموو خەڵات و میوانداریەکانی پێشنیارکراو و پێشکەشکراو لەلایەن (LafargeHolcim) ەوە دەبێت بە وردی لە نووسینگە و دۆسیەی LafargeHolcim دا تۆمار بکرێت.

### میوانداریێتی

میوانداریێتی بریتییە لە خواردن و خواردنەوە، و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی و ساردەمەنی لەگەڵ ئامادەبوونی چالاکیە رۆشنبیری و چێژبەخشەکان یان وەرزشییەکان بێت کە تێیایاندا لانیکەم یەکێک لە کارگێڕەکانی LafargeHolcim وەکو میواندار ئامادە بێت. ئەگەر هیچ کام لە کارگێڕەکانی LafargeHolcim ئامادە نەبن، میوانداریێتی بە ”دیاری“ دێتە ئەژمێر و دەکەوێتە بەر ڕێساکانی دیاریپێدان.

### خەڵاتەکان

دیاری بریتییە لە کاڵا یان خزمەتگوزاریی و شتومەکی دیکەی بەهادار، وەک قەرزدانی پارە، یارمەتی خەرجی خوێندن، دانی تێچوونی چارەسەریی و بلیتی سەفەر بۆ بۆنە کۆمەلایەتی و رۆشنبیرییەکان، سەیران یان بۆنە وەرزشییەکان. دانی پارەی نەخت (وەک پسوڵەی خەڵات) و شیرینی وەرگرتن ڕێگەپێدراو نییە بە لەبەر چاو گرتنی هەندێ چاوپۆشینی باوو سنووردار کە ڕێگەپێدراوە لەلایەن بەشی پەیوەستبون بە کۆمەکەڵەوە.

### رتکردنەوەی دیاری

ئەگەر بایەخی دیاریەک زیاتربێت لە ستانداردەکانی ئاماژەپێکراو لە سیاسەتەکان یان رێنماییە تایبەتەکانی LafargeHolcim، دەبێت بابەتەکە بە ئاگاداری چاودێری خۆتان رابگەینن، وەرگرتنی ئەوە بەپێی یاساکان یان فەرمانەکانی ئێستاکە تۆمار بکەن و ئەوە بە ڕێزەوە لەگەڵ ئاماژە بەم خاڵە کە وەرگرتنی وەها خەڵاتێک بەپێی یاسا ناوخۆییەکانی LafargeHolcim ڕێگەپێدراو نییە، بگەڕێننەوە. ئەگەر گەڕاندنەوەی دیاری بەڕاستی بۆی نییە و ناکرێت یان بۆ بەخشەرەکەی بەڕاستی ناخۆش بێت، دەبێت ئەوە بە شێوەی نەناسراو بە دامەزراوە خێرخوازەکان ببەخشن و ئەگەر وەها کارێکیش نەکرێت، دەبێت ئەوە لەلایەن کۆمپانیاوە وەرگرن و بە شێوازێ کە بەشی ”سەرچاوە مرۆییەکان“ دیاری دەکات.



### بنەمای راوێژکاری بنچینەیی

لە خۆتان بپرسن کە ئاخۆ ئەم دیاریە یان میوانداریە نایاساییە یان ئاخۆ سیاسەتەکان ىان رێنماییە تایبەتەکانی LafargeHolcim یان لایەنێکی تر پێشێل دەکات یان نا. پاشان لە خۆتان بپرسن کە ئاخۆ دانانی هەواڵی پەیوەندیدار بە دیاری یان میواندارییەکە لە لاپەڕەی یەکەمی رۆژنامەدا دەبێتە هۆی شەرمەزاری ئێوە یان خراپ کردنی ناوی ۆمپانیاکە یان نا. ئەگەر وەڵامی هەرکام لەو پرسیارانەی سەرەوە ”ئەرێ“ بێت، واتە دان یان وەرگرتنی ئەو دیاریە یان میوانداریە ڕێگەپێدراو نییە.

## ئەمە بۆ من چی دەگەیەنێت؟

؟

لە کاتی وتوویژی نرخ لەگەڵ یەکێک لە بەڵێندەرەکانی کۆمپانیا، ئەوان بلیتی کێبەرکێیەکی تۆپی پێیان پێشنیارکرد بۆم کە زۆر هۆگری سەیرکردنیم، ئاخۆ وەرگرتنی ئەم بلیتە دروستە؟

!

نەخێر. کارمەندی LafargeHolcim لە کاتی وتوویژی بازرگانی، بۆی نیە دیاری و هەر جۆرێکی دیکە لە جۆرەکانی چێژبەخشین لە تاکەکەس و کۆمپانیاکان وەربگرێت. دەبێت سوپاسی بەڵێندەرەکە بکەن بەڵام هۆی وەرنەگرتنی پێشنیارەکەیان بۆ روون بکەنەوە.

؟

یەکێک لە کڕیارە گرنگەکانی LafargeHolcim میوانداریەک رێکدەخات بۆ جەژنی پەنجاهەمینساڵیادی دامەزراندنی کۆمپانیاکەی بازرگانە ناسراوەکان و بەرپرسانی حکومەتی لەم میوانداریەدا بانگهێشت کردووە. منیش بانگهێشت کراوم. ئاخۆ رێگەپێدراوم کە ئەم بانگێشکردنە قبووڵ بکەم؟

!

بەڵێ، بە مەرجێ کە وەکو نوێنەری LafargeHolcim بانگێش کرابێتن و لە سەرپەرشتیاری خۆتان رێگەتان وەرگرتبێت.

# 3.2 کێبڕکێی دادپەروەرانە

LafargeHolcim باوەڕی بە بازاڕی ئازاد وکێبڕکێی دادپەروەرانە هەیە لەبەر ئەوەی کە ئەم شێوازە دەسڕاگەیشتنی کڕیارەکان بە چاکترین بەرهەمەکان و خزمەتگوزاریەکان لەگەڵ شیاوترین بارودۆخ گەرەنتی دەکات.

پێشێلکردنی یاساکانی پاراستنی کێبڕکێ و ڕێگریی لە پیادەکردنی قۆرخکاری هەرگیز بە قازانجی LafargeHolcim نییە و قبووڵ ناکرێت. لە هەموو ئەو ناوچەو وڵاتانەی کە چالاکییان تێدا دەکەین، کێبڕکێ گرنگە بەڵام بە دادپەروەرانە بۆ بەڵێندەران و کڕیارەکان بەپێویست دەزانین.

کارمەندانی ئێمە نابێت بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ئەمانە بکەن:

- واژۆ کردنی ڕێکەوتن و لێکگەیشتن نامە و هاوئاهەنگی کردن لەگەڵ ڕکابەرە فعلییەکان یان ڕکابەرە چاوەڕوانکراوەکان، سەبارەت بە نرخ و جۆر و هاوشێوەی ئەمانە.
  - سنووردار یان پاوانکردنی جۆر یان ڕادەی بەرهەمهێنان یان ئەو خزمەتگوزاریانەی کە دەبێت پێشکەش بکرێت؛
  - دابەشکردنی بازار لەڕووی جوگرافیەوە بەگوێرەی هاوبەشە بازرگانییەکان یان کڕیارەکان یان هێڵەکانی بەرهەمهێنان.
  - ڕێکەوتن لەگەڵ ڕکابەرەکان لەبارەی بەرهەمەکان.
  - دەستنیشانکردنی مەرج و ئەنجامی پرۆسەی پێشکەشکردنی بەرهەمەکان.
  - بایکۆت کردنی بەلێندەر یان کڕیارەکان بە مەبەستی ڕێگریی لە مامەڵەی ئەوان لەگەڵ کێبڕکێکارانی تر.
- کەڵک وەرگرتنی خراپ لە پێگەی زاڵ لە بازاڕێکی دیاریکراودا.
- بەستنی گرێبەست یان بوارخۆشکردن لەگەڵ دامەزراوە چالاکەکان لە ئاستە جیاوازەکانی زنجیرەی بەرهەمهێنان یان دابەشکردن لە فرۆشیار و دابەشکارانی کاڵا بەمەبەستی سنووردارکردنی کێبڕکێی ئازادانە لەبازاردا.
- گۆڕینەوەی زانیاریی کێبڕکێی هەستیار.
- خەریک بوون بە هەندێ کاری تر لە بواری کێبڕکێیدا بەپێچەوانەی یاسا و ڕێساکانەوەیە.

هەندێ ئاکاری جۆراوجۆر هەن یاساغن بەگوێرەی یاساکانی پاراستنی کێبڕکێ و ڕێگریی کردن لە قۆرخکاریی و پێویست بە پەیوەستبوون دەکات پێیانەوە لەپاڵ سیاسەتە ناوخۆییەکانی LafargeHolcim ئەگەر دووچاری گومان یان پرسیارتان لا دروستبوو پێویستە ڕاوێژ لەگەڵ بەرپرسی پابەندی خۆجێیی و شارەزایانی بواری یاسای کێبڕکێی بەکۆمەڵ بکەن.

> یاسا و ڕێساکانی پەیوەست بە پاراستنی ڕکابەری جۆرێک لە ئاڵۆزی و زۆرییان تێدایە، جێبەجێ کردنیان دەکەوێتەوە سەر هۆکارە جیاوازەکان. چاکتروایە کە پاڕێزکار بن و پرسیار بکەن لەجیاتی دروستکردنی گریمانەکردنی کارێک کە قبوڵ دەکرێت یان نا – نەبوونی زانیاریی تەواو پاساوێکی قبووڵکراو نییە.

# ئەمە بۆ من چی دەگەیەنێت؟

نوێنەری کۆمپانیایەکی تری بەرهەمهێنەری چیمەنتۆ پەیوەندیتان پێوە دەکات و بانگێشتان دەکات کە لە وڵاتێکی تر لە دانیشتنێکدا بەشداری بکەیت لەسەر بابەتی "ڕێنمایی کردنی" بازاڕی بەرهەمێک کە هەردوولا بەرهەمی دێنن. کۆبونەوەکە لە دەرەوەی وڵات بەڕێوەدەچێت و تیایدا "دابەشبوون" دەکرێت. ئاخۆ دەبێت لەم دانیشتنەدا بەشداری بکەن؟

نەخێر. دەبێت دەستبەجێ پەیوەندی بکەن بە بەرپرسی پابەندی خۆجێییەوە. بەشداریکردن لە کۆبوونەوەیەکی لەو جۆرەدا بە ڕەفتارێکی تاوانکارییانە لێکبدرێتەوە. بەهەندێک دەستەواژی وەک "ڕێنمایی کردن" مەخەڵەتێن، هەروەک ئامادەبوونی لە کۆبوونەوەیەکی لەو جۆرە هیچ لە ئەنجامەکان ناگۆڕێت و لەوەیە ئەو کۆبوونەوەیە بۆ مەبەستی پێشێلکاریی کردن بێت بە یاساکانی بەرەنگاربوونەوەی قۆرخکاریی کە کاری پێدەکرێت.

یەکێک لە کێبرکێکەرەکان پەیوەندی دەکات بە بەڕێوەبەری بازرگانی LafargeHolcim و پێشنیاری نەگۆڕینی نرخ لە دوانزە مانگی داهاتوودا دەهێنێتە ئاراوە. کۆمپانیاکە لەژێر باری داشکاندنی سوود و باج و لەکارکەوتن و قەرزی تایبەت بەخۆیدایە، بەڕێوەبەرەکەش بیر لەوە دەکاتەوە کە پێشنیاری کۆمپانیاکە قبوڵ بکات، ئایا پێویستە بەڕێوەبەرەکە بڕیارێکی لەوجۆرە بدات؟

نەخێر. ئەم ڕەفتارە قۆرخکارییە و جۆرێکە لە توندترین جۆرەکانی ڕەیکەوتنە نایاساییەکانە [بە هەر شێوازێک، زارەکی یان نووسراو]. پێشێلکردنی یاسای کێبرکێ کردن هەرگیز بە قازانجی LafargeHolcim نییە. چالاکی لەگەڵ دەستپاکی پێویستی بەوەیە کە ئێوە لە یاساکانی ئێستاکە و سیاسەتەکان و فەرمانەکانی LafargeHolcim پەیڕەوی بکەن، تەنانەت ئەگەر هەلی بەدەستهێنانی قازانجی زۆر لە ئارادا بێت. هەموو کاتێک لە بیرتان بێت کە پێشێلکردنی یاسای کێبرکێ ڕەنگە ناوبانگی ئێمە بە توندی خراپ بکات و کاریگەریی تاوانکاریی و دارایی مەترسیدار لەسەر گرووپ و تاکەکان جێبهێڵێت.

# 4.2 وردیی لە تۆمار و ڕاپۆرتەکاندا

**لە هەموو مامەڵەکان و لە شێوازە جۆراوجۆرەکانی پەیوەندیدا ئێمە وورد و ڕاستگۆین.**

ئەمە بنەمای سەرەکی مامەڵەکردنمانە لەگەڵ یەکتر، بەهەمان شێوە هەر ئەوەش لە ئێمە چاوەڕوان دەکرێت لە پەیوەندییەکانمان لەگەڵ وەبەرهێنەران، کڕیارەکان، کارمەندان و هاوبەشە بازرگانییەکان و هەروەها لەگەڵ دامەزراوە گشتی و حکومییەکاندا. دەسکاری یان گۆڕانی نایاسایی بەڵگەنامەکان قەدەغەیە. ئێوە هەرگیز نابێت لە کەس داوا بکەن کە بەڵگەنامەی نادروست یان ساختە ئامادە بکەن و خۆشتان نابێت وەها داواکارییەک لە کەس قبووڵ بکەن. لە کاتی ئامادەکردنی بەڵگەنامەکاندا، دەبێت دەستپاک بین تاکو زانیاریەکان بە نادروستی، ناتەواو یان ساختە پێشکەش نەکرێن. جیاوازییەکانی ناو بەڵگەنامەکان دەبێت لە ڕێگای چاکسازیی شیاوەوە چارەسەر بکرێن و بخرێنە بەردەست ئەوانەی کە پێویستیان بە زانینی ئەو ڕاستکردنەوانە هەیە.

**پاراستنی بەڵگەنامەکان**

بەڵگەنامەکانی کۆمپانیا دەبێت بەپێی یاساکانی پەیڕەوکراو و سیاسەتەکان و ڕێنوێنیەکانی LafargeHolcim بپارێزرێن. لەنێوبردن، شاردنەوە یان هەمواری ئەو بەڵگەنامانەی کە داوای پاراستنیان کراوە، قەدەغەیە. ئەگەر بزانن کە سکاڵاکردن یان لیکۆڵینەوەی ناوخۆیی یان دەرەکی لەسەر بەڵگەنامەکانی بەردەست یان ژێر کۆنترۆڵی ئێوە هەیە، دەبێت ئەو بەڵگەنامانە ڕاگرن و ئەگەر پێویست بوو لەوانە کۆپی زیاتر بگرن و پێشکەشیان بکەن.

تۆمرای تەواو و وردی زانیارییە دارایی و نا داراییەکان و پاراستنی کۆمپیالە و تۆمارەکانمان زۆر گرنگە بۆ بەئەنجام گەیاندنی کارەکانمان:

- بۆ بەدیهێنانی ڕاستگۆیی و پاراستنی ناوبانگمان.
- بۆ پابەندبوونە یاسایی و ئۆرگانییەکانمان.
- بۆ توانیمان لە پێشبینی دروست و بڕیاردانی گونجاو.
- و بەرپرسیارێتی لە بەرانبەر خاوەن پشکەکان و ئەوانی دیکە ل هاوبەشە دەرەکییەکانمان.



## ئەمە بۆ من چی دەگەیەنێت؟

کاتی دوایین هەفتەی ئامادەکردنی راپۆرتی وەرزییە. سەرپەرشتیاری ئێوە دەیەوێت دڵنیا ببێتەوە کە تیمەکەت سەرقاڵی ئامادەکردنی ئامانجە تایبەتەکانی وەرزی ساڵەکەیە، کەواتە داواتان لێدەکات کە فرۆشتنی بەرهەمێک کە دڵنیانین لێی ئێستاکە تۆمار بکەن، تەنانەت ئەگەر فرۆشتنی تا هەفتەی داهاتوو بەتەواوی دیار نەبێت. بە رای ئێوە ئەم کارە زیان نادات لە هیچ کەسێک لە کۆمپانیاکەدا. ئاخۆ دەتوانن ئەم داواکارییە جێبەجێ بکەن؟

نەخێر. تێچوونەکان و داهاتەکان دەبێت لە ماوەی شیاودا تۆمار بکرێن. فرۆشتنەکە هێشتا بە تەواو دیار نییە. ئەم کارە بە پێشکەشکردنی زانیاریی نادروست دێتە نەژمێر و ئەگەر ئێوە فرۆشەکە لە ماوەی زووتردا تۆمار بکەن، کارەکەی ئێوە رەنگە بە دەستبڕین بێتە هەژمار.

بە چاودێری دارایی لقێکی کۆمپانیاکەمان دەستنیشانکراویت لە یەکێک لە وڵاتەکان و بۆت دەرکەوت کە ماددەی کلینیکەری عەمبارکراو بەفیعلی زۆر کەمترە لەوەی کە تۆمارکراوە لە تیانووسەکاندا و بەدڵنیاییەوە روبەرووی زیانێکی گەورەی چاوەڕوانکراو دەبنەوە. لەگەڵ بەڕێوەبەری جێبەجێکاریش قسەت کردووە و لەوە ڵامدا ئەوەی خستۆتەروو کە ناتوانێت هیچ دەرماڵەیەک خەرج بکات بۆ ئەمساڵ بەوپێیەی ئەنجامەکان بەتەواوی پێچەوانەی ئامانجەکان بوون و ئاماژە دەکات بە پێویستی دابەشکردنی زیانەکە بەسەر ساڵی داهاتوودا. ئایا رازی دەبیت بەو کارە؟

نەخێر. بەپێچەوانەی وەڵامی سەرپەرشتیارەکەت، ئێوە بەرپرسن لە تەواوکردنی راپۆرتەکە و بێخەوشی و وردی و گونجاوی کاتەکەی، ئەگەر ئەو فەرمانەی ئەو پەیرەو بکەن، دووچاری ساختەکاریی دەبنەوە.

# 5.2 بەریەککەوتنی بەرژەوەندییەکان

ئێمە دەبێت ئەو بڕیارە پیشەییانە بدەین کە لە قازانجی بەرژەوەندیەکانی LafargeHolcim نەک بەرژەوەندییە تاکەکەسییەکان.

بەریەککەوتنی بەرژەوەندییەکان کاتێک ڕوودەدات کە بەرژەوەندییە تاکەکەسییەکانی ئێمە کاریگەری بکاتە سەر توانای ئێمە بۆ جێبەجێکردنێکی ئەرکەکان بەشێوەیەکی کارا و یەکسان. چەندێک بکرێت خۆمان بەدوور دەگرین لە هەر پەیوەندی و چالاکییەک کە لەمپەرە یان لەوەیە لەمپەر دروستبکات لەبەردەم تواناکانمان لە بەدیهێنانی ئامانجەکان و بڕیاردانی ڕاست لەکاتی جێبەجێکردنی کارەکان لەبری کۆمپانیای LafargeHolcim.

ئەگەر نەتان توانی لەو پەیوەندی و چالاکییانە خۆتان دوورە پەرێز بگرن، دەبێت ئەوانە دەستبەجێ بە چاودێری خۆتان و بەرپرسی پابەندبوونی خۆجێی ڕابگەینن. وێڕای ئەوە، ئێوە دەبێت بەرژەوەندییەکانی تاکەکەسی خۆتان کە ڕەنگە گومانی هەبوونی پەیوەندیی لەگەڵ ئەرکەکانی پەیوەندیدار بە شارەزایی، ڕاپۆرت بکەن. ئەگەر گومانێک هەبوو، دەرخستنی ئەم پەیوەندیی یان چالاکییانە بە قازانجی خۆتانە. ڕوونکردنەوە زۆربەی کات گومانی چالاکی نادروست چارەسەر دەکات.

#### مامەڵە دەرەکییەکان

ڕەنگە داواتان لێبکرێت کە لە ڕێکخراوێکی تردا وەک بەڕێوەبەر، ڕاوێژکار یان ئەندامی لیژنەی بەڕێوەبەر خەریکی کار بن. ئێوە سەرەتا دەبێت بپشکنن کە ئاخۆ قبووڵکردنی وەها پیشەیەک بەپێی ڕێساکانی گرێبەستی دامەزراندنی ئێوە ڕێگەپێدراوە یان نا. هەروەها دەبێت دڵنیا ببنەوە کە ئەم پیشە تێکەڵییەکی لەگەڵ چالاکی ئێوە بۆ LafargeHolcim نەبێت. هەروەها، ئەگەر کۆمپانیایەکی گشتی یان حکومی بێت دەبێت لەلایەن بەرپرسی پابەندبوونی خۆجێیی و چاودێری ئێوەوە پەسەند بکرێت. وەرگرتنی ڕەزامەندی بۆ کارکردن لە فەرمانگە حکومیەکان، سەرباری ئەوەی کە کارکردن لە پۆستێکی باڵای ڕەسمی لەلایەن LafargeHolcim ڕێپێدراوە بەڵام زۆرێک لەو کارانە ئەگەری نەگونجانی فعلیان هەیە لەگەڵ کارەکانت لە کۆمپانیای LafargeHolcim.

ئێمە هەرگیز لە دارایی یان زانیارییەکانی LafargeHolcim بۆ دەستەبەرکردنی سوودی تاکەکەسی یان گەیشتن بە قازانجی تاکەکەسی لەو هەلانەی کە لە ڕەوتی کار بۆ LafargeHolcim پێکدێن، کەڵک وەرناگرین.



# ئەمە بۆ من چی دەگەیەنێت؟

؟

یەکێک لە کۆمپانیاکانی دابینکردنی ئامرازە تەکنیکیەکان ئامێرێکی کەموکوری رادەست کردووە و ئەم کەموکورییە پاش دامەزراندنی ئامێرەکە دەرکەوتووە. خەزووری ئێوە خاوەنی کۆمپانیا دابینکارەکەیە. لەبەر ئەوە بیر لە چاککردنەوە یان قەرەبووی ئەو کەموکورییە ناکەیتەوە.

!

بریاردان نابێت بکەوێتە ژێر کاریگەریی پەیوەندییە تاکەکەسیەکانی ئێوە لەگەڵ لایەنی دابینکاردا. ئێوە دەبێت لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی LafargeHolcim دا کار بکەن. هەروەها دەبێت ئەم پێکدادانی بەرژەوەندییانە بە ئاگاداری سەرپەرشتیاری خۆتان رابگەینن و بەرپرسی پابەندی خۆجێیی لە هەبوونی پەیوەندیی تاکەکەسی لەگەڵ خاوەنی کۆمپانیای دابینکار ئاگادار بکەنەوە.

؟

یەکێک لە هاوڕێکانم پەیوەندی بە منەوە کردوە کە وەبەرهێنان بکەم لە کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنەری کەرستەی (خاو) بە مەبەستی دابینکردنی کەرەستەی خاو بۆ LafargeHolcim. ئەگەر تەنیا پشکی دارایيم لەو کۆمپانیادا هەبێت و لە بڕیاردانەکانی بەڕێوەبردندا دەستێوەردانم نەبێت، قبووڵکردنی ئەم پێشنیارە دژایەتی دەکات لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی LafargeHolcim؟

!

لەوانەیە دژایەتی بەرژەوەندییەکان بکات، ئەوەش بەپێی جۆری دژایەتی کردنەکە ئایا بە فعلی دەبێت یان بەهۆی چەند هۆکارێکی دیکەوە کە لەوانە:

- پێگەی ئێوە لە LafargeHolcim دا؛
- ڕۆڵی ئێوە لە هەڵبژاردنی لایەنی دابینکاریی بۆ LafargeHolcim؛
- بڕی پارەی وەبەرهێنانی ئێوە و ڕێژەی پشکی ئێوە؛
- گرنگی LafargeHolcim وەک ئەگەری بوونی بەکڕیار..

هەرچۆنێک بێت، پێش وەبەرهێنان لەو کۆمپانیادا دەبێت لەگەڵ سەرپەرشتیار و بەرپرسی پابەندبوونی خۆجێیی خۆتان راوێژ بکەن و داوای ڕێنوێنییان لێبکەن. سەرەڕای ئەوە، دەبێت لایەنەکانی تری پەیوەندیدار بە کێبرکێ لەبەرچاو بگرن.

# 6.2 دەستداودەستکردن بە قۆرخکردنی زانیارییە ناوخۆییەکان

**LafargeHolcim پاڵپشتی لە بازاڕی بۆرسەی کراوە و دادپەروەرانە دەکات چونکە هۆکارێکە بۆ دروستبونی متمانە و باوەڕی وەبەرهێنەران.**

**دەستاودەستکردن بە قۆرخکردنی زانیاری ناوخۆیی کاتێک ڕوودەدات کە پارەی کۆمپانیاکە لەسەر بنەمای زانیاری بنچینەیی ڕانەگەیەنراو دەستاودەستی پێبکرێت، ئەمەش کاریگەریی بەجێ دەکاتە سەر بڕیاری کەسێک بیەوێت ئەو پارەیە دەستاودەست پێبکات یان نا.**

**زانیاریەکان کاتێک بە "جەوهەری" دێنە هەژمار کە وەبەرهێنەر کەڵکی لێ وەرگرێت بۆ بڕیاردان سەبارەت بە کڕین، فرۆشتن یان پاراستنی پشکەکانی کۆمپانیا.**

**زانیاریی کاتێک بە "نهێنی" ئەژمار دەکرێت کە دەرنەخرابێت و کاتی تەواو بۆ ڕاکێشانی ئەو زانیاریانە لە بازاڕی پشکەکان هێشتا قبوڵکراو بێت، نموونەش لەسەر زانیارییە جەوهەرییە نهێنیەکان وەک:**

- **ڕاگەیاندنی پێشوەخت بۆ گۆڕانکاری لە کارگێڕی باڵا؛**
- **کرین یان تێکەڵبونی کۆمپانیا کە ڕانەگەیندرابێت؛**
- **داوایەکی یاسایی یان ئەگەری هەبوونی داویەکی لەو جۆرە لە ئارادا بێت؛**
- **ئەنجامی دارایی ڕانەگەیەنراو؛**
- **داهێنانی بەرهەمێکی نوێی گرنگ؛**
- **دابەشکردنی پشکی ڕانەگەیەنراو.**
- **ئێمە بازرگانی بە پشکەکانی**

**LafargeHolcim ناکەین، هیچ کام لە کۆمپانیاکانی LafargeHolcim یان هەر کۆمپانیاکانی تری ڕیزبەندکراو لە بۆرسە لەسەر بنەمای زانیاریی ناوخۆیی بەدەستهاتوو لە کاتی کارکردنی بۆ LafargeHolcim.**



یاساکانی دەستەودەستکردن لە قۆرخکردنی زانیارییە ناوخۆییەکان نەک تەنها بازرگانی بە پشکەکانەوە قەدەغە کردوە کە لە سەر بنەمای زانیاری ناوخۆیی دەکرێت بەڵکوو پێشکەشکردنی ئەم زانیاریانەی بە کەسانی سێهەمیشی قەدەغەن.

**سیاسەتی کارپێکراوی**
LafargeHolcim
ناراستەکردنی دەستاودەستکردن و خستنەڕووی [ بڵاوبوونەوەی زانیاری ] لەبازاڕدا.

# ئەمە بۆ من چی دەگەیەنێت؟

؟

کۆمپانیایەکی دابینکردنی ئامرازە قورسەکان سەبارەت بە ئامێرێکی نوێ کە دەیەوێت بیخاتە ناو بازاڕ، بە نهێنی پەیوەندی بە ئێوەوە دەکات. ئێوە پێشتر بەو ئاکامە گەیشتوون کە LafargeHolcim ناتوانێت لەم بەرهەمە کەڵک وەرگرێت بەڵام بە رای ئێوە بۆ پیشەسازییەکانی تر پێشکەوتنێکی زۆرچاک دەبێت. ئەگەر پێشکەشکار کڕیار بدۆزێتەوە، دڵنیا دەبنەوە کە نرخی پشکی ئەو کۆمپانیایە بە شێوەی بەرچاو زیاتر دەبێت. ئاخۆ ڕێگەپێدراون بۆ کڕینی پشکە داراییەکانی کۆمپانیا دابینکارەکە؟

!

نەخێر. تا کاتێک کە خەڵک بە گشتی ئاگادار نەبنەوە لەسەر بەرهەمە نوێیەکە، ناتوانن داراییەکانی کۆمپانیای دابینکار بکڕن. ئەمە بە "زانیاریی ناوخۆیی" هەژمار دەکرێت لەبەر ئەوەی کە ناساندنی بەرهەمەکە نهێنییە. دەرخستنی زانیاریی بۆ خەڵک بە گشتی بە تەواوی و دادپەروەرانە جێبەجێ نەکراوە. ئەم زانیارییانە بە "جەوهەری" لەقەڵەم دەدرێن لەبەر ئەوەی کە وەبەرهێنەری گونجاو پێی وایە زانیارییەکان گرنگن لە بڕیاردانی وەبەرهێنان بۆ کۆمپانیاکە.

# 7.2 بازرگانی نێودەوڵەتی

**LafargeHolcim لە زۆرێک لە بازاڕەکان و ناوچەکانی جیهاندا نوێنەرایەتی هەیە و هەر بۆیە بەپێی رێسا و سیستمی یاسایی جیاواز کارەکانی بەئەنجام دەگەیەنێت.**

**سزادان و بریاری قەدەغەکردن**

ئێمە خزمەتگوزارییەکان، بەرهەمەکان و تەکنۆلۆژیای خۆمان لە سەرتانسەری جیهاندا پێشکەش دەکەین. بەم بۆنەوە، خۆمان بە پەیوەست دەزانین بۆ لەبەرچاوگرتنی هەموو یاساکانی ئێستاکەی هاوردە و هەناردەکردن، لە نابلۆقەکانی بازرگانی، قەدەغەکردنەکان و یاسای تر و رێساکان، و هەروەها نەحکام یان سیاسەتە حکومیەکانی کاریگەر لەسەر مامەڵەکردن. توانستی هەناردەکردنی بەرهەم، خزمەتگوزاریی یان تەکنۆلۆژیا لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر گرێدراوی هۆکاری زۆرە لەوانە سروشتی کەرەستەی هەناردەکراو و، وڵاتی سەرچاوە، بەکارهێنانی کۆتایی و بەکاربەری کۆتایی. سزادان و بریاری قەدەغەکردن مامەڵە لەگەڵ هەندێ وڵات، کەسان و دامەزراوە دیارەکان و هەناردەکردن بۆ بەکارهێنانی دیاری قەدەغە کردووە. بۆیە ئێمە دەبێت لە ئەم قەدەغەکاریانە ئاگادار بین و هەموو ئەو مۆڵەتانە وەرگرین کە بۆ بەستنی گرێبەست یان هەناردەکردنی کەلوپەل پێویستن.

## ئەمە بۆ من چی دەگەیەنێت؟

؟

یەکێک لە کڕیارەکان داواتان لێ دەکات کە چیمەنتۆ بدەن بە کۆمپانیایەکی نەناسراوی هەڵکەوتوو لە وڵاتی دراوسێدا. کە نابلۆقەی ئابوری خراوەتەسەر لەلایەن رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان. ئێوە نازانن کە ئاخۆ دەتوانن یان دەبێت داواکاریی مشتەریەکە جێبەجێ بکەن. لەوکاتەدا دەبێت چی بکەن؟

!

ئێوە دەبێت لە بەرپرسی پابەندی خۆجێیی داوا بکەن کە ئەم داواکارییە لێکبداتەوە. توانست و هەلی ناردنی کەلوپەل گرێدراوی هۆکاری زۆرە لەوانە وڵاتی مەبەستی کڕیار، بەرهەمێ کە هەنارده دەکرێت، چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەو بەرهەمە و بەکارهێنەری ئەو بەرهەمە دەبێت لێکبدرێتەوە.

# 8.2 ڕێگریی لە سپیکردنەوەی پارە

ئامانجی ئێمە ئەوەیە کە لەگەڵ هاوبەشە بڕوادارەکانی بازرگانی کە خەریکی چالاکیيە بازرگانییەکانی یاسایی دەبن و لە سەرچاوە یاساییەکان داهات دەستەبەر دەکەن، مامەڵە بکەین.

سپیکردنەوەی پارە تاوانێکە بریتیە لە شاردنەوەی سەرچاوەی پارەی پەیوەندیدار بە چالاکی تاوانکاریی، وەک تیرۆر و قاچاغچێتی بە مادده هۆشبەرەکان یان بەرتیلخۆری. ئەم تاوانە کاتێک ڕوودەدات کە پارەی بەدەستهاتوو لە چالاکی نایاسایی بێتە ناو ڕەوتی بازرگانی تاکو بە یاسایی پێشان بدرێت و سەرچاوە یان خاوەنی ڕاستەقینەی ئەو پارەیە نەناسرێت.

بۆ ئەوەی کە LafargeHolcim نەبێتە ئامرازی شۆردنەوەی پارە، کارگێڕانی ئێمە هەموو پێویستییەکانی ژمێریاریی، ئەرشیف و ڕاپۆرتی دارایی پەیوەندیدار بە پارەدانە نەختییەکان و جۆرەکانی تری پارەدانی پەیوەندیدار بە هەڵمەتەکانی سەودای بازرگانی ئێمە لەبەرچاو دەگرن.


ئێمە وەکو کارمەندانی LafargeHolcim ئامادەین بۆ ئاشکراکردنی پێشلکارییەکان و ئاکاری گوماناوی کڕیارەکان و تاکەکانی تر.

ئەگەر سەبارەت بە مامەڵەیەکی تایبەت گومان یان پرسیارتان هەیە، ئەوە لەگەڵ سەرپەرشتیاری خۆت یان بەرپرسی پابەندی خۆجێیی باسی لێوە بکە.





# 3. دەستپاکی لە کۆمەڵگادا



# 1.3 ژینگە

ئێمە وەکو هاووڵاتیانی بەرپرس پەیوەستین لەسەر ئەرکە بەردەوامەکانی خۆمان لە بەرانبەر ژینگە و پێویستی بەشداریی چالاکانە بۆ پاراستنی داهاتە مرۆییەکان و بەهێزکردنی. ئێمە پەباندین بە کەمکردنەوەی کاریگەری نەرێنی و زیادکردنی کردنی کاریگەریی ئەرێنی لەسەر سروشت.

LafargeHolcim پەیوەستە بۆ پاراستنی ژینگە لە هەر وڵاتێکدا کە چالاکییان تێدا بە ئەنجام دەگەیەنێت هەربۆیە پەرەی داوە بە سیاسەتەکانی بە تیشک خستنە سەر ئەم بابەتانەی خوارەوە:

• بڵاوکردنەوەی گازە گوڵخانەییەکان؛
• دەسپێوەگرتنی بەکارهێنانی وزە؛ • دەسپێوەگرتنی بەکارهێنانی ئاو؛
• کەمکردنەوەی پاشماوە و پاشەڕۆ و چارەسەری شیاوی پاشماوەکان لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا؛
• بەهەندوەرگرتنی بەردەوام، بەکارهێنانەوە، کۆکردنەوە و بەکارهێنانەوەی پاشماوەکان لە پرۆسەی بەرهەمهێنان؛
• بەکارهێنانی کەرستەی خاوی پراکتیزە درێژخایەنەکان؛
• بووژاندنەوە/نۆژەنکردنەوەی کانەکان و ئیدارەدانی جۆراوجۆری بواری بایۆلۆجی؛
• لەبەرچاوگرتنی یاساکانی پەیوەندیدار بە ژینگە و پێویستییەکانی کەسی سێهەم؛
• چاودێریکردن و راپۆرتدان سەبارەت بە راهاتوویی لەگەڵ ژینگە.

هەروەها چالاکیەکانی LafargeHolcim دەکەوێتە بەر داخوازییەکانی حکومەت و یاساکانی پەیوەندیدار بە ژینگە کە ڕەوشەکان (ستانداردەکان) دیاری کردووە. ئێمە لە LafargeHolcim دا تێدەکۆشین بۆ بەرزترین ستاندارد لە چالاکیەکانماندا.

ئێمە بەردەوام کارەکانمان هەڵدەسەنگێنین بە وردی و گەشە بە بەرنامە کانمان دەدەین بۆ چاکترکردنی بەردەوامی کاری خۆمان.

ئێمە داواتان لێدەکەین کە پشتگیریی بکەن لە دروست بەکارهێنانی بەردەوامی سامانە سروشتییەکان لە دەسپێوەگرتن لە بەکارهێنانی ئاو، کەمکردنەوە و بەکارهێنانەوەی بە سود، ریسایکلین و بەکارهێنانی پاشماوە، دەسپێوەگرتن لە بەکارهێنانی وزە و ئیدارەدانی جۆراوجۆریی بواری بایۆلۆجی. بۆ دەستەبەرکردنی زانیاریی زیاتر سەبارەت بە چۆنیەتی پاڵپشتی لە LafargeHolcim لەگەڵ ڕێکخەری ژینگە راوێژ بکەن بۆ ئەوەی گەڕەنتی گەیشتن بە ئامانجەکان بکەین.



**سیاسەتی کارپێکراوی LafargeHolcim**
• سیاسەتی پەیوەندیدار بە ژینگە
• سیاسەتی سووتەمەنی و سەرچاوە جێگرەوەکان(AFR)

# 2.3 مافی مرۆڤ

**ئێمە بەڵێنمان داوە کە ڕێزبگرین لە مافی مرۆڤ و بەرگری لێبکەین لە هەر شوێنێک چالاکی بازرگانیمان کرد.**

ئێمە ئەم کردەوانەی لای خوارەوە بە قەدەغەکراو هەژمار دەکەین و بە ئاگاییەوە لەگەڵ هیچ کەس یان کۆمپانیایەک هاوکاری ناکەین کە لەو کارانەی خوارەوەدا بەشدارە:

• چەوساندنەوەی منداڵان، بە کارخستنی منداڵان
• سزا دانی جەستەیی؛
• توندوتیژی لە دژی کارمەندان، بەتایبەت بەپێی ڕەنگ، ڕەگەز، ئایین یان حەزی سێکسی؛
• کاری زۆرەملێ؛
• هەڵاواردنی نایاسایی لە پرۆسەی دامەزراندن؛
• پێکهێنانی هەلومەرجی کارکردنی مەترسیدار؛
• دانی مووچە (یان داشکاندنەکان) بە جۆرێک کە ئاستی مووچەکەی کەمتر بێت لە نزمترین مووچەی دیاریکراو؛
• ڕێسا نایاساییەکانی زێدەکار.

بەڵێنداری ئێمە سەبارەت بە مافی مرۆڤ لە ”سیاسەتی بەرپرسیارێتی کۆمەڵاتی“ (CSR) ئێمەدا گونجێندراوە و بە بەشداریی ئێمە لە پەیماننامەی جیهانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بەهێزتر دەبێت. سیستەمی بەڕێوەبەردنی مافی مرۆڤ لە LafargeHolcim لە هەموو کۆمپانیاکانی „گروپ”دا جێبەجێ دەکرێت. ئەم سیستەمە ئاکاری خۆمان و ئەوانەی لە زنجیرەی بەهای کاردان لە گەڵمان، بەتایبەت ئاکاری پێشکەشکاران، گرێبەستکارانی لاوەکی و پێشکەشکەرانی خزمەتگوزاریی کە لە لایەن کەسی سێهەم پێشکەش دەکرێت.

ئەگەر وادەزانن کە LafargeHolcim یان یەکێک لە هاوبەشەکانی ئێمە بۆ لەبەرچاوگرتنی یاساکان یان ڕێساکانی تایبەت بە مافی مرۆڤ کەمتەرخەمییان کردووە، بابەتەکە لەگەڵ فەرمانبەری ڕاهاتوویی خۆجێیی بهێننە ئاراوە.

## ئەمە بۆ من چی دەگەیەنێت؟

؟

من لەگەڵ پێشکەشکارێک کاردەکەم. دەنگۆیەکم بیستووە کە ئەم پێشکەشکارە منداڵان و هەندێ جار بەندکراوان بەکاردەخات لە شوێنکارەکەی. دەبێت چی بکەم؟

!

ئێوە دەبێت ئەم بابەتە بە فەرمانبەری ڕاهاتوویی خۆجێیی ڕابگەیەنن تاکو ئەو لەگەڵ فەرمانبەرانی CSR هەنگاو و کاری پێویست بۆ زانینی ڕاستی ئەو دەنگۆیانە بکات. LafargeHolcim پرسەکانی مافی مرۆڤ بە گرنگ دەزانێت و بۆ گەرەنتی لەبەرچاوگرتنی مافی مرۆڤ لە زنجیرەی پێشکەشکارانی خۆیدا هەموو هەوڵێک دەدات.

**سیاسەتی کارپێکراوی**
LafargeHolcim
• سیاسەتی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی کۆمپانیا (CSR)

# 3.3 بەشداریی کۆمەڵایەتی

**LafargeHolcim تێدەکۆشێت بۆ ئەوەی کۆمپانیایەکی باوەڕپێکراوبێت لە لایەن هاوڵاتیان و ئەرکەکانی خۆی لە کۆمەڵگاکانی شوێنی چالاکیەکانی خۆیدا بە تەواوی جێبەجێ بکات.**



ئێمە بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە رێگای وەبەرهێنان و بەشداریی و پەیوەندیی هەڵکردن لەسەر بنەمای رێزگرتن و متمانەی دوولایەنە لەگەڵ هەموو لایەنەکانی پەیوەندیدار لە کۆمەڵگا دەگرینە بەر.

ئێمە لە خەڵکی هەمووی جیهان رێز دەگرین و لە فەرمانبەرانی خۆمان داوا دەکەین کە لە کاتی بڕیاردانە بازرگانیەکاندا کاریگەریی کورت خایەن و درێژخایەنی ئەوانە لەسەر کۆمەڵگا و ژینگە لەبەرچاو بگرن.

**بەشداریی سیاسی**

LafargeHolcim وەکو کۆمپانیایەک لایەنگری هیچ لایەنێکی سیاسی نییە. هاوکاری لەگەڵ پارتە سیاسییەکان، سیاسەتمەداران یان پاڵێوراوانی وەرگرتنی پۆستە حکومەییەکان بە کاروباری تایبەتی فەرمانبەران دێتە ئەژمێر. پارەو ، موڵک و دارایی LafargeHolcim هەرگیز نابێت بۆ کۆکردنەوەی یارمەتی یان پێکهێنانی دامەزراوە بۆ پارتە سیاسییەکان یان پاڵێوراوانی وەرگرتنی پۆستە سیاسییەکان کەڵک وەربگیرێت. پێدانی یارمەتییە سیاسییەکان بە ناوی (LafargeHolcim)ەوە قەدەغەیە مەگەر ئەوەی کە بە روونی لە یاسای خۆجێیی نووسراوە و سیاسەتەکان و رێنوێنییەکانی ئێستاکەی LafargeHolcim دا بە رێگەپێدراو راگەیندرابێت. هەڵبەت ئەم یارمەتیانە دەبێت بە شێوەی روون وئاشکرا تۆمار بکرێن و یارمەتیدان لە بەرانبەر بەرژەوەندی ناشیاو قەدەغەیە.

سیاسەتی کارپێکراوی
LafargeHolcim
• سیاسەتی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی کۆمپانیا (CSR)

# ئەمە بۆ من بە واتای چییە؟

؟

له ئێوه وەکو کارگێڕی LafargeHolcim بانگێشت دەکرێیت کەبەشداری بکەن لە ئاهەنگێکی شەوانەدا کە دەستپێدەکات بە وتارێکی تایبەت بە سیاسەتی پارتێکی سیاسی پێش ڕاگەیاندنی چالاکیەکانی کۆکردنەوەی کۆمەک. لە بلیتەکەی ئێوەدا بابەتی وتارەکە ئاماژەی پێکراوە و ڕاگەیەندراوە کە بە کڕینی ئەم بلیتە پارتە سیاسیەکە قازانج دەکات. دەبێ چی بکەن؟

!

LafargeHolcim بەشداریی ئێوە لە ئاهەنگێکی  شەوانەی سیاسی بە پشتگیریی لەو پارتە سیاسییە ئەژماردەکات. ئێوە دەبێت لە قبووڵکردنی ئەم بانگێشتکردنە پارێزکار بن و پێش قبووڵکردنی لەگەڵ فەرمانبەری ڕاهاتوویی خۆجێیی ڕاویژ بکەن. هەرچۆنێک بێت، ئامادەبوونی ئێوە دەبێت وەکو کەسی تایبەتی بێت.

# راوێژکاریی، ڕێنوێنی و راپۆرتدان

درەنگ یان زوو لە ماوەی کارکردنتان لە LafargeHolcim دا ڕوبەڕوی دۆخێک دەبنەوە کە کێشەی ئەخلاقی لەخۆ دەگرێت. لەو کاتەدا، بەبێ دودڵی بابەتەکە راپۆرت بکەن، سەبارەت بە ئەرکەکانی خۆتان پرسیار بکەن و کێشەکان یان ئاکاری نەگونجاو ئەگەر پێویست بوو رابگەینن. بەردەوام سەرەتا پرسیار یان کێشەکە لەگەڵ بەرپرسی ڕاستەوخۆی خۆتان یان ئەو سەرچاوانەی کە دەتوانن ئێوە ڕێنوێنی بکەن، وەک "سەرچاوە مرۆییەکان"، "یاسایی"، "وردبینی ناوخۆیی"، "کۆنتڕۆڵی ناوخۆیی"، ئاسایش و بەڕێوەبەری راهاتوویی خۆجێیی، بهێننە ئاراوە.

### هێڵی دەستپاکی

ئەگەر بۆ ئێوە سەختە یان سەرکەوتو نەبویت لە گفتوگۆ کردنی بابەتێک لەگەڵ یەکێک لە سەرچاوە ئاماژەپێکراوەکان، دەبێت بزانن کە "هێڵی دەستپاکی" LafargeHolcim سەرچاوەیەکی جێگرەوەیە بۆ وەرگرتنی ڕێنوێنی یان هێنانە ئارای کێشەکانی پەیوەندیدار بەو بارودۆخانەی کە بە رای ئێوە بەدڵنیاییەوە یان بە ئەگەرەوە پێشێلکاری "ڕێسا" یان یاسان.

"هێڵی دەستپاکی" لە 2016/2015 دا لە هەمووی "گروپ" دا خرایە کار. ئەگەر لە وڵاتی ئێوەدا چالاک بێت، دەتوانن لە ڕێگای ژمارە تەلەفۆنی پەیوەندیدار بە وڵاتەکەتان یان بە دانانی راپۆرت لە https://integrity.lafargeholcim.com دا بۆ "هێڵی دەستپاکی" راپۆرتی بکەن. بە ژمارەی 0041588588700 یان ناونیشانی ئەلیکترۆنیکی group-compliance@lafargeholcim.com دەتوانن ڕاستەوخۆ پەیوەندی بکەن بە "بەشی راهاتووی گروپ"ەوە.

گروپێک لە کارگێڕانی راهاتوویی و لێکۆڵینەوەکانی "راهاتوویی گروپی LafargeHolcim" راپۆرتەکەی ئێوە دەخوێننەوە و بە شێوەی شارەزایانە لێکی دەدەنەوە. راپۆرتەکان و زانیاریی پەیوەندیدار بە نهێنی دێنە ئەژمێر و تەنیا لەگەڵ کەسانێ کە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی کۆمپانیا پێویستیانە، هاوبەشی دەکرێت.

### هاوکاری لە ڕەوتی لێکۆڵینەوەکان، ژمێرکاریی و کۆنتڕۆڵی ناوخۆیی

بەرگیری لە پێشێلکردنی "ڕێسا" یان یاسا یان دیاریکردنی بابەتەکانی سەرپێچی لە LafargeHolcim دا زۆر گرنگی پێ دەدرێت. هەر بەوجۆرە، بابەتەکانی پێشێلکردنی گریمانەیی "ڕێسا" یان یاسای دەستبەجێ لێکدەدرێتەوە. هەروەها، کارمەندان دەبێت هاوکاری تەواو و ڕاستویژانە بکەن لە ڕەوتی لێکۆڵینەوەکان، چالاکیەکانی وردبینی یان کۆنتڕۆڵی ناوخۆییدا کە بریتییە لە وەڵامدانەوەی دەستبەجێی هەموو داواکاریەکانی زانیاریی. هەموو بەڵگەنامەکان، لەوانە [و نەک سنووردار بەوانە] کۆپی کاغەزی، فایلە ئەلەکترۆنیکیەکان و ئیمەیل، دارایی کۆمپانیان و ڕەنگە جاروبار یاسای پاراستنی زانیاریی و بەپێی سیاسەتەکان و فەرمانەکانی LafargeHolcim بۆ چالاکیەکانی لێکۆڵینەوەکان، وردبینی یان کۆنتڕۆڵی ناوخۆیی یان گەڕەنتی لەبەرچاوگرتنی یاسا پێداچوونەوەیان بەسەردا بکرێت.

### بەرەنگاریی لەگەڵ تۆڵەسەندنەوە

LafargeHolcim تۆڵەسەندنەوە لە دژی هیچ کام لەو کارمەندانە قبوڵ ناکات کە بە نیازپاکی راپۆرت دەدەن. کەسانێک کە هەڵسن بە دژایەتی لەگەڵ کەسێ کە کێشەکەی راپۆرت کردوە یان هاوکاری کردووە لەگەڵ ڕەوتی لێکۆڵینەوەکان، دەکەویتە بەر سزادان تا دەگاتە کۆتایی پێهێنانی گرێبەستی کارکردن.

سیاسەتی کارپێکراوی LafargeHolcim
• فەرمانەکانی راپۆرتدانی راهاتوویی

+41 58 858 8700
group-compliance@lafargeholcim.com
https://integrity.lafargeholcim.com

# کەی دەبێ راپۆرت بدەم؟

چاوەدێرەکەتان فەرمانتان پێ دەکات کە راپۆرتی تێچوونەکان بگۆڕن و ئێوە دەزانن کە ئەم کارە بەپێچەوانەی سیاسەتەکانی LafargeHolcim و ئەم "ڕێسا"یە. ئێوە وادەزانن کە ئەگەر ئەم فەرمانە قبووڵ نەکەن، سەرپەرشتیار ئەرکە پیشەییەکانی ئێوە قورستر دەکات. دەبێ چی بکەن؟

ئێوە شتێکتان دیاری کردووە کە رەنگە کێشەیەکی گرنگ بێت. بە شێوەی ئاسایی چاودێرەکەت لە قۆناغی یەکەمدا چاکترین کەسە بۆ لێکدانەوەی کێشەکەی ئێوە. هەڵبەت دەتوانن کێشەکە لەگەڵ بەڕێوەبەری چاوەدێری خۆشتان باس بکەن. هەرچەند، بە هۆی دەستێوەردانی سەرپەرشتیار پەیوەندی کردن بە "هێڵی دەستپاکی" بژاردەیەکی چاکترە لەم بارودۆخەدا.





**LafargeHolcim Ltd**
Zürcherstrasse 156
8645 Jona
Switzerland
www.lafargeholcim.com

© 2015 LafargeHolcim Ltd

LafargeHolcim